حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر

كۆلێژی ئاداب /بەشی دەروونزانی

(پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە پاڵنەری دەسكەوت لای نابینایان)

پێشكەشە بە ئەنجومەنی بەشی دەروونزانی، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی دەرچوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس.

توێژەران:

احمد عبدالسميع جرجيس

زينب عبدالقادر صديق

سەرپەرشتیار:

م.ی. ڕۆژگار محمد صالح

٢٠٢٢ زاینی　　١٤٤٣كۆچی　　٢٧٢٢كوردی

((ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی شوێن پە نجەمان جێ بێڵین لەسەر ئەم گەردوونە، ئەگەر نا بوونمان هیچ سوودێکی نابێت))

(ستیڤ جۆبز)

پێشکەشە بە :

*دایك و باوکی خۆشەویستمان کە هاندەر و پاڵپشتمان بوون بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن.

*خوشك و برا خۆشەویستەکانمان.

*بەشی دەروونزانی.

*هەموو ئەو مامۆستایانەی وانەیان پێ وتووین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

توێژەران

سوپاس و پێزانین:

*سوپاس بۆ مامۆستای زێدە ئازیز (ڕۆژگار محمد صالح) کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەمانی گرتە ئەستۆی خۆی و هاوکارمان بوو.

*سوپاس بۆ (احمد سلمان و هیمداد سلمان) کە یارمەتییان داین لەم توێژینەوەیە.

*هەموو ئەوانەی کە هاندەری خوێندن و سەرکەوتنمان بوون.

توێژەران

پوختەی توێژینەوە:

(پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان)

ئامانج لەو توێژینەوەیە بریتی بوو لە:

پێوانی ئاستی هەریەك لە پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان و جیاوازی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر-مێ)،وە بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی (سەڵت – خێزاندار)،وە زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایانی کۆمەڵەی نابینایان و پەیمانگای ڕووناکی نابینایان و ژمارەیەکی تری دەرەوە لە شاری هەولێر.

نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٥٠) نابینای نێر و مێ ، کە (٢٥) نابینا نێر و (٢٥) نابینا مێ بوون. توێژەران بۆ پێوانی پتەوی دەروونی پێوەری (مخیمر،٢٠٠٦) بەکارهێناوە بۆ پێوانی پاڵنەری دەسکەوت پێوەری (بن بریکە،٢٠٠٧) بەکارهێناوە،توێژەران بە کەڵکبوون و جێگیریان بۆ پێوەرەکان دەرخست، کە لە ئاستێکی بەرزدابوون و دوای توێژەران هەڵسان بە بەکارهێنانیان و لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت، کە ئاستی پتەوی دەروونی (بەرزە) و هیچ جیاوازیەك نییە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەزی (نێر - مێ)، هەروەها لە پتەوی دەروونی هیچ جیاوازیەك نییە لای نموونەی توێژینەوە بەپێی باری خێزانی (سەڵت – خێزاندار)، هەروەها ئاستی پاڵنەری دەسکەوت (بەرزە) و هیچ جیاوازیەك نییە لای نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەزی(نێر – مێ)، وە جیاوازی هەیە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی باری خێزانی (سەڵت – خێزاندار) لە بەرژەوەندی سەڵتەکان، بۆ زانینی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە دوای دەرهێنانی (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن) پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت پەیوەندیەکی بەهێزی هاوئاراستەیە بە بەهای (٠,٤) لە دوای دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان توێژەران چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێکیان خستە ڕوو.

پێرستی ناوەڕۆك

ژ	بابەتەكان	لاپەڕە
١	پێشەكی	أ
٢	پێشكەش كردن	ب
٣	سوپاس و پێزانین	ج
٤	پوختەی توێژینەوە	د
٥	پێرستی ناوەڕۆك	هـ – و
٦	بەشی یەكەم/ چوار چێوەی گشتی توێژینەوە	١ – ٨
٧	كێشەی توێژینەوە	٢
٨	گرنگی توێژینەوە	٣-٦
٩	ئامانجی توێژینەوە	٦
١٠	سنوری توێژینەوە	٦
١١	پێناسەكردنی زاراوەكان	٧-٨
١٢	بەشی دووەم/ چوار چێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو	٩-١٨
١٣	چوار چێوەی تیۆری	١٠-١٦
١٤	توێژینەوەكانی پێشوو	١٦-١٨
١٥	بەشی سێیەم/ ڕێبازی توێژینەوە و بەكارهێنانی	١٩- ٢٣
١٦	ڕێبازی توێژینەوە	٢٠
١٧	كۆمەڵگای توێژینەوە	٢٠
١٨	نموونەی توێژینەوە	٢٠
١٩	ئامرازەكانی توێژینەوە	٢٠
٢٠	بەكەلكبوونی پێوەر(ڕاستگۆی)	٢١-٢٢
٢١	جێگیری پێوەر	٢٢
٢٢	جێبەجێكردنی ئامرازەكانی توێژینەوە	٢٣
٢٣	یاسا ئاماریەكان	٢٣
٢٤	بەشی چوارەم/ خستنە ڕووی ئەنجامەكان و شیكردنەوەیان	٢٤-٣٤
٢٥	خستنە ڕووی ئەنجامەكان	٢٥-٣١
٢٦	ڕاسپاردەكان	٣٢
٢٧	پێشنیازەكان	٣٢
٢٨	سەرچاوەكان	٣٣-٣٤

٢٩	پێرستی خشتەکان	٢٠-٣١
٣٠	خشتەی (١) کۆمەڵگای توێژینەوە	٢٠
٣١	خشتەی (٢) نموونەی توێژینەوە ڕای شارەزایان بۆ مانەوە و لادانی بڕگەکانی پێوەری پتەوی دەروونی	٢١
٣٢	خشتەی (٣) ڕای شارەزایان بۆ مانەوە و لادانی بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری دەسکەوت	٢٢
٣٣	خشتەی (٤) زانینی ئاستی پتەوی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە روونەدەکاتەوە	٢٥
٣٤	خشتەی (٥) زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دەردەخات	٢٦
٣٥	خشتەی (٦) زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) دەردەخات	٢٧
٣٦	خشتەی (٧) زانینی ئاستی پاڵنەری دەسکەوت لای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات	٢٨
٣٧	خشتەی (٨) زانینی جیاوازی پاڵنەری دەسکەوت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دەردەخات.	٢٩
٣٨	خشتەی (٩) زانینی ئاستی پاڵنەری دەسکەوت بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) دەردەخات	٣٠
٣٩	خشتەی (١٠) زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە پاڵنەری دەسکەوت	٣١
٤٠	پێرستی پاشکۆکان	٤٠-٥٠
٤١	ڕا پرسی ڕای شارەزایان بۆ پێوەری پتەوی دەروونی	٣٥
٤٢	ڕا پرسی ڕای شارەزایان بۆ پێوەری پاڵنەری دەسکەوت	٣٩
٤٣	ناوی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداریانکرد لە بەکەڵکبوونی پێوەر و هەردوو پێوەرەکە بە پلەی زانستی	٤٣
٤٤	جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری پتەوی دەروونی	٤٤-٤٦
٤٥	جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری پاڵنەری دەسکەوت	٤٧-٤٩
٤٦	پشتگیری تۆمار بۆ کۆمەڵەی نابینایان بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوە	٥٠
٤٧	پشتگیری تۆمار بۆ پەیمانگای ڕووناکی نابینایان بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوە	٥١

بەشی یەکەم
چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوە.
- گرنگی توێژینەوە.
- ئامانجەکانی توێژینەوە.
- سنووری توێژینەوە.
- پێناسەکردنی زاراوەکان.

کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ بە گشتی و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (نابینا، نابیست، بەساڵاچوان) بەتایبەتی و ئەوانەی بێ هێز و کەم توانایی خودی و پەیوەست بە پاڵپشتی دەرەکین، ناتوانن بە گونجاوی کارەکانی ڕۆژانەیان ڕایی بکەن، هێزی ناوەکی مرۆڤیش بۆ ژیان کردنی پەیوەستە بەو هەل و مەرجەی کە لە ڕووی پێکهاتەیی و دەروونییەوە بۆی هەڵکەوتووە و تێیدا دەژی، هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە دەوروبەریشی هەن پاڵنەری ئەو کەسەن بۆ ئەوەی هێزێکی دەروونی پێ ببەخشێت و بتوانێت بەرنگاری ڕووداوە سەختەکان ببێتەوە و لە هەمان کاتدا پێویستییە دەروونییەکانی خۆی فەراهەم بکات. کەسانی ئاسایی و خاوەن پێداویستی تایبەت (نابینا) لە ژیان ڕووبەڕووی چەندین فشاری جۆراوجۆر دەبنەوە لەبەر هۆکاری جیاجیا، ئەو هۆکارانە چین کە وا لە نابینایان دەکات پتەوی دەروونیان لاواز بێ و کەمتر بێتەوە؟

ئێمە دەزانین کەسانی نابینا پێویستیان بە کەل و پەل و خوێندن و کەرستە و شێوازی تایبەت هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی، هەر بۆیە هەندێك جار ئەو دیاردانە دەبینین لە کۆمەڵگا لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێکی نابینا، وەك بە کەم سەیرکردنیان و پشتگوێ خستنیان لەلایەن کەسانی دیکەوە یان ڕادەیەکی زیاتر لە پێدانی هەست و سۆز کە لەوانەیە وایان لێ بکات هەستیان لە کەسێکی ئاسایی جیاوازتر بێ و هەموو ئەمانەش وا لە تاکی نابینا بکات توشی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بێت و ببێتە هۆی ئەوەی کە کەم دەستکەوت بن و پتەوی دەروونیان لاواز بێت، ئەوانەی کە نابینان لەبەر ئەوەی کە هەستی بینینیان لە دەست داوە وایان لێ دەکات بەشێکیان بێ بەرهەم بمێننەوە و هەر بەوە ڕازی بن کە هەردەم پێویستیان بە کەسێك بێ و بەو جۆرە بمێننەوە کە خۆیان جیاوازتر ببینن لە کەسانی تر و هەردەم هاوکاری بکرێن، بەواتای ئەوەی کە کەمتر پاڵنەری دەسکەوتی هەبێ بەهۆی ئەو دۆخەی کە بۆی دروستکراوە یاخود خۆی هۆکارە بۆ دروستکردنی کەم دەسکەوتی خۆی یاخود لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ناپتەوی دەروونی خۆی بێت، بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار بۆ دروست بوونی کێشەیەکی لەم شێوەیە، لێرەدا توێژەران مەبەستیانە ئاستی هەر یەك لە پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت بزانن لای نابینایان و پەیوەندی هەردوو گۆڕاوەکە دەرخەن لە ڕووی ئاراستە و هێز.

هەر بۆیە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان بزانن و تا چەند ئەو دوو گۆڕاوە دەبێتە هۆی دەرخەری گیروگرفتەکانیان بە ئامانجی چارەسەر ؟ ئایە ئەگەر پتەوی دەروونی لاوازبێ تاك وەك نابینایەك دەتوانێ چی بکات بۆ ئەو پاڵنەرانەی کە پێویست و خولیای کەسین بەدەست بهێنێت ؟ ئایە پتەوی دەروونی تا چەند پاڵنەر دروست دەکات، وە دەبێتە هۆی بەرەو پێشبردنی ڕاگیرکردنی ئەو دەسکەوتانەی کە تاکی نابینا خواستییەتی ؟

گرنگی توێژینەوە:

لەگەڵ گۆڕانکارییە سەردەمییەکانی جیهان، کە تاك دووچاری سەرقاڵی و سەخت دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان دەبێتەوە، ئەمانە وا لە تاك دەکات کە ڕووبەرووی کۆمەڵێك فشار ببێتەوە و بیەوێ مانەوەیەکی تەندروست دابین بکات بۆ مانەوەی وەك تاکێکی لەش ساغ، دروستی لایەنی دەروونیش هیچی کەمتر نییە لە دروستی لایەنی جەستەیی، هەربۆیە کەسایەتی تاك کە لایەنێکی گەورەی پەیوەستە بە هێزی خود و پتەوی و دروستی دەروونی، هەر بۆیە گرنگییەکی زۆری هەیە. پتەوی دەروونی پەیوەندی بە توانای تاك هەیە بۆ بەڕێوەبردن و وەڵام دانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و ئەو فشارانەی کە دێتە بەردەمی، وە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو فشارانە و کۆنترۆڵکردن و گۆڕینیان بۆ بارێکی ئەرێنی و ئەزموونکردن لێی، بە پێی ئەو ئاما نجانەی کە لە ژیان هەیەتی. پتەوی دەروونیش بووەتە بابەتێکی دیاری باسی توێژەران لەبەر ئەو گرنگیەی کە لەناو ژیانی تاکەکان هەیەتی. (الطاهر،٢٠١٦، لا١١٤)

کوبازا (kobasa) بەم شێوەیە دەڕوانێتە پتەوی دەروونی کە پرۆسەیەکی تەندروستە لە کاتی دروست بوونی پاڵە پەستۆیەکی زۆر و مانەوەی هیوا و متمانەبەخۆبوون، وە توانای کۆنترۆڵکردنی هەستەوەرەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و تێگەیشتن لە هەست و سۆزەکان لەبەرامبەر کەسانی تر و دڵنەوایی کردنیان، هەروەها کوبازا ئاماژە بەوە دەکات کە پتەوی دەروونی بەدەستهێنانی تاکە لە کۆمەڵێك تایبە تمەندی کە یارمەتی دەدا لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو سەرچاوانەی دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ، لەوانە توانای پابەندبوون، توانای بەرنگاری، توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە جیاوازەکان، کە ئەمەش بە لایەنەکانی پتەوی دەروونی دەژمێردرێ.

پتەوی دەروونی پەیوەستە بە چەندان شت، لە گرنگترینیان توانای فێربوون و ئەزموونکردنی تاك لە بارودۆخە ناخۆشەکان لە ڕوێکەوە، هەروەها تێڕوانینی تاك بۆ ئەو بارودۆخەی کە وەك بەرنگارییە و (هەل)ە بۆ پێگەیشتن و پەرەپێدانی تاك لە ڕوێکی ترەوە. وە (الباهض) بۆچوونی وایە کە پتەوی دەروونی پەیپێبردنی تاك و قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکانە یان پاڵە پەستۆی دەروونییە کە تووشی دەبێ. (فاتح،٢٠١٥، لا ٣)

لە لایەکی تر(مخیمر) بۆچوونی وایە کە تاك کۆمەڵێك سیفەت بەدەست دەهێنێ و یارمەتی دەدات لە ڕووبەڕووبونەوەی سەرچاوەی فشارەکان، لەوانە توانای پابەندبوون، توانای بەرنگاری، توانای کۆنترۆڵکردن لە بارودۆخەکانی ژیان، هەروەها (حمادة و عبدالطیف) بۆچوونیان وایە کە پتەوی دەروونی بەرگرییە لە ژێر پەستانەکان یان توانای بەرگەگرتنی فشارە قورسەکانە.

وە بە پێی توێژینەوەی (Subramanian & Vinothkumar,2009) دەربارەی زانینی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونی و متمانەبەخۆبوون و فشاری دەروونی لەسەر (١٤٠) پسپۆری تەکنەلۆجیای زانیاری لە هندستان، کە پێوەری فشاری پیشەیی و پێوەری پتەوی دەروونی کە (مادی و کوبازا) بەکاریان هێناوە بۆ نموونەی ئەندامەکان کاری پێکرا، توێژینەوەکە دەریخستووە کە پتەوی دەروونی و متمانەبەخۆبوونی ئەوان پەیوەندییەکی ئەرێنیان هەیە لەگەڵ پەیپێبردنی فشارە دەروونییەکانیان.

هەروەها توێژینەوەکەی (Hartlry,2011) کە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونی و تەندروستی دەروونی و بەردەوامبوونی ئاکادیمی بوو، کە پێوەری پتەوی دەروونی و پێوەری تەندروستی دەروونی و پێوەری بەردەوامبوون بەکارهات لەسەر (٦٠٥) قوتابی لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا، ئەنجامەکان دەریخست بە بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان پتەوی دەروونی و تەندروستی دەروونی لە توێژینەوەکەدا.
وە ئامانجی توێژینەوەکەی (نور، ٢٠١٢) دۆزینەوەی جیاوازی ڕەگەزی لە ئاستی پتەوی دەروونی، کە نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەردە و (٨٠) قوتابی بوون، کە پێوەری پتەوی دەروونی بەکارهات، توێژینەوەکە جیاوازی دەرخست لە نێوان نێر و مێ دا و پتەوی دەروونی لە بەرژەوەندی مێیەدا.

هەروەها لە توێژینەوەی (صالح،٢٠١٣) کە بەدوای زانینی پەیوەندی نێوان پتەوی دەروونیدا بوو لای گەنجانی زانکۆ لە پارێزگای غەزە و گونجانی دروونی و کۆمەڵایەتی، وە زانینی جیاوازییەکانی نێوان قوتابیان لەسەر پێوەری پتەوی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ئاستی خوێندن، جۆری زانکۆ)، توێژینەوەکە پەیوەندییەکی ئاماری نیشاندا لە نێوان پتەوی دەروونی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هیچ جیاوازییەك نییە لەسەر پێوەری پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوەکانی خوێندن. (اسماعیل،٢٠٢٠،لا ٤٧٩)

لە کاتێك پتەوی دەروونی پەیوەستە بە ژمارەیەك گۆڕاوی دەروونی و یەکێك لە گۆڕاوە گرنگەکانیش بریتییە لە پاڵنەری دەسکەوت، کە تاك هان دەدات دەسکەوتی لە ژیاندا هەبێ، وە جیاوازی هەیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، هەموو کەس وەك یەك ئامانج دانانێن و هەمان حەزو ئارەزوو و گروتین و پە رۆشیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە نیە بەڵکو لای هەندێك کەس ئەم پاڵنەرو حەزو و ئارەزووی گەیشتن بە خەو خەیاڵ و ئامانجەکان و بڕی کارکردن و خۆماندووکردن و کۆڵنەدان زۆرە لای هەندێکی تر مامناوەندە لای ئەوانی تر کەم و لاوازە . (قەرەچەتانی ،٢٠١٥ ، لا ١٠٣)

هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار مرۆڤ خاوەنی پاڵنەری دەستکەوت یان حەزوو ئارەزوو و پێداویستی دەستکەوتنێکی زۆر زۆرە بەڵام لەبەر هەندێك هۆکاری پەروەردەیی یان کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ژیانی واقعدا لە کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیدا سەرکەوتنی پێویست بە دەست ناهێنێ و دەست کەوتەکانی زۆر کەمترە لە دەست کەوتە پاڵنەر و حەزوو ئارەزووەکانی بۆ سەرکەوتن. پاڵنەری دەست کەوت پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن، واتە جۆری پەیوەندیکردن و شێوازەکانی بە کۆمەڵایەتی کردنی دایك و باوك لە قۆناغی منداڵی جۆرو بڕی دەستکەوتە پاڵنەر دیاری دەکەن، دەر ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە خاوەنی پاڵنەری دەستکەوتی زۆرن و حەزوو ئا رەزووی دەستکەوتن و جێبەجێکردنیان بەرزە، لە ناو ئەو خێزانانەدا پەروەردە بوون کە دایك و باوکیان هانیان داون و بواری سەربەخۆبوون و پشت بەستن بە خۆیان بۆ ڕەخساندوون لەسەر جێبەجێکردنی کارو چالاکییەکانی ڕۆژانەی. (قەرەچەتانی ، ٢٠١٥ ، لا ١٠٤-١٠٥ — ١٠٦)
وە زانای دەروزانی هێنری مۆرای بۆی دەرکەوت کە پاڵنەری دەستکەوت پەیوەندی هەیە بە جێبەجێکردن یا ئەنجام دان ، ئەنجامدانی شتێك و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکاندا و دەستەبەر کردنی ئاستێکی بەرز و کێبڕکێ و سەرکەوتن بەسەر ئەوانی ترو لە خۆگرتن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی شتە مادییەکان یا کەسەکان یا بیرۆکەکان.
(مستەفا ، ٢٠١٩، لا ٢٤٦)

وە دێڤید ماکلیلاند لە ساڵی ١٩٤٦بەرنامەیەکی فراوانی دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە پێداویستی بۆ دەستکەوتن. ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی لەم بوارە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا جیاوازی خەڵك چۆن دەبێت و بە چ ڕێگایەك دەبێت کاتێك ئاستێکی بەرزیان دەبێت لە پێداویستی بۆ دەستکەوتن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئاستێکی نزمیان هەیە لەو پێداویستیە . لە توێژینەوە یەکەمەکان تەنها ڕەگەزی (نێر) بابەتی توێژینەوە بوون ، ئەنجامەکان دەریان خست کە وا ئەوانەی خاوەن پێداویستیەکی بەرز بوون بۆ دەستکەوتن زۆربەیان لە چینی ناوەڕاست بوون (لە ڕووی ئابوورییەوە) و کەمیان دەکەوتنە ناو چینی نزم یا بەرز. بۆیە خاوەن پێداویستیەبەرزەکانی دەستکەوتن یادەوەرییەکی باشتریان نیشاندا و هەروەها چالاکیشیان لە ناو زانکۆ زیاتر بوو، زیاتر خۆبەخش بوون بۆ کاری خزمەتگوزاریی دەروونی و زیاتر بەرهەڵستی فشاری کۆمەڵایەتی دەبوونەوە و کەمتر پابەندبوون بە دابونەریت بە بەراورد بە خاوەن پێداویستیە نزمەکانی دەستکەوتن . لە هەندێ توێژینەوەی تر و لە هەڵوێستی جیاوازدا کە لەسەر کەسانی ئاسایی ئەنجامدرابوو دەر کەوت کە ئەوانەی پێداویستیەکی بەرزیان هەیە بۆ دەستکەوتن بەگووڕترن بۆ جێبە جێکردنی کارەکانیان و فێریش دەبن چۆن کارەکانیان بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەن ، هەروەها لە کارەیان جددیترو بە پەرۆشتربوون بۆ ئیش ، دەریش کەوت کەوا خەڵاتی دەرەکی لایان هاندەرێکی لاواز بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و بەهێزترین خەڵات لایان خودی دەستکەوتنەکەبوو ، ئێمەش لەم توێژینەوەیە دەمانەوێ بزانین کە کەسانی خاوەن پێداویستی تاییەت (تاکی نابینا)خەڵاتی دەرەکی هاندەرێکی بەهێزە لایان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان یان خودی دەستکەوتەکە. هەروەها دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەریان خست کەوا خاوەن پێداویستیە بەرزەکانی دەستکەوتن جێبەجێکردنی کارەکانیان باشتر نیە لەوانەی خاوەن پێداویستییەنزمەکانی دەستکەوتن ئەگەر خودی پاڵنەرەکە لایان نەوروژێت.

تاکی خاوەن پێداویستی بەرز ئەمە ناکات تاوەکو نەخرێتە دۆخێکی بەرەنگاربوونەوە (تحدی) لە پێناو ئەوەی هەوڵبدات زۆر باشتر بێت. وە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە ماکلیلاند بۆی دەرکەوت کەوا ئەو خەڵکەی خاوەن پلەی بەرزترن لە پێداویستییەکانی دەستکەوتن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەتاییەتی لە کاردا ئەوانەن کە دەگەڕێن بە دوای ئەو هەڵوێستانەی کە ڕێگەیان پێدەدەن بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ دەست کەوتن ڕازی بکەن ، ئەوانە ئاستێکی دیاریکراو بۆ دەستکەوتن بۆ خۆیان دادەنێن و دوایی هەوڵ دەدەن چۆن بگەنە ئەو ئاستە.

لە ڕێگای پڕۆژەیەکی توێکمە و درێژخایەن ماکلیلاند چەندین بەڵگەی بۆ دەرکەوت کەوا پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن لای ئەندامانی کۆمەڵگایەك و لەنێوان ئاستی گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی.(مستەفا،٢٠١٩، لا ٤٩-٥٠١)

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە دەزگای (سۆنتراك –بسکرە-)بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان پاڵنەری دەستکەوت و ڕێکخستنی کەش و هەوای ژینگەی کارکردنی تاك وە ئەم ڕێکخستنە وا دەکات پەیوەندییەکە بە هێزتر بێت. پاڵنەری دەستکەوت بە رزتر بێت. (الرمیسا، ٢٠١٣- ٢٠١٤، لا١٢١)

بە پێی توێژینەوەیەکی تر کە لە ولایەتی (البویرە)ئەنجام دراوە دەر کەوت پەیوەندییەکی هاوئاڕاستەی بەهێز هەیە لەنێوان ڕازی بوون لەکار وە پاڵنەری دەستکەوت.

(تسعدیت،٢٠١١-٢٠١٢ ، لا٩١)

وە ئەو توێژینەوەی کە لە (ام البواقی) ئەنجامدرا دەرکەوت کە فشارە پیشەییەکان پەیوەندی ئەرێنی هەیە بە پاڵنەری دەستکەوت بە ئاستی مام ناوەند.(هادف، ٢٠١٧-٢٠١٨،لا١٢٥)

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی تر کە لە ولایەتی (الوادی) ئە نجامدرا ،دەرکەوت کە پەیوەندی ئەرێنی بەهێز هەیە لە نێوان کاریگەربوون بە خود وە پاڵنەری دەستکەوت تاوەکو کاریگەربوون بە خود بەرز بێت ئەوا پاڵنەری دەستکەوت بەرزە. (السساكر،٢٠١٤-٢٠١٥،لا٦٩)

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە و لە یەکێك لە لایەنەکان خزمەت بە بواری زانستی دەکات، ئەم توێژینەوەیەش لە بواری دوروونزانی گرنگی خۆی هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێوانی ئاستی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان کە زانینی ئاستی ئەم دوو گۆڕاوە لای نموونەی توێژینەوەکە بایەخێکی زۆری هەیە.

ئاما نجەکانی توێژینەوە:

١- زانینی ئاستی پتەوی دەروونی لای نابینایان .
٢- زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر- مێ) وە بە پێی باری خێزانی (سەڵت- خێزاندار).
٣- زانینی ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان.
٤- زانینی جیاوازی پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر- مێ) وە بە پێی باری خێزانی (سەڵت- خێزاندار).
٥- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان.

سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم نابینایانی ئەندام لە کۆمەڵەی نابینایان و پەیمانگای ڕوناکی نابینایان و ژمارەیەکی تری دەرەوەی ئەم سنوورانە لە شاری هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢)

پێناسەکردنی زاراوەکان:

یەکەم: پتەوی دەروونی:

١- جیرسون(١٩٩٨): بریتییە لە توانای تاك لە ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان، بە چەند کارامەییەك لەم ڕووبەڕووبونەوانە: شیکردنەوەی لۆژیکی، خۆبەدوورگرتنی مەعریفی، بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونی.

٢- مخمیر(٢٠٠٢): توانای تاکە لە کرداری بەکۆمەڵایەتی بوون، وەکو خۆپارێزییەکە لە شوێنەواری ئەو فشار و ڕووداوانە، بەتاییەت خەمۆکی.

٣- الحجاز و دخان(٢٠٠٥): باوەڕێکی گشتییە لای تاك، لە توانا و چالاکی و بەکارهێنانی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەڕووی دەروونی و ژینگەییەوە بۆی فەراهەم بووە، بۆئەوەی پەی پێببات و ڕوونیبکاتەوە، هەروەها بە تەواوی ڕووبەڕووی ڕووداو و فشارەکانی ژیانی ببێتەوە. (البیرقدار، تنهید عادل، ٢٠١٠-٢٠١١ لا٣٢)

پێناسەی توێژەران: توانای تاکە لە بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و ئەو فشارانەی کە دێتە بەردەمی، وە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو فشارانە و کۆنترۆڵکردن و گۆڕینیان بۆ بارێکی ئەرێنی.

پێناسەی کردەیی: بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە لای کەسانی نابینا لە وەڵامدانەوەی پێوەری پتەوی دەروونی بەدەستی دەهێنین کە لەم توێژینەوە هاتووە.

دووەم: پاڵنەر:

١- ئۆرمورد(١٩٩٥): پاڵنەر هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجام بدات وە دەستکەوتی پۆزەتیڤ لە کارەکانی بەدەست بهێنێت بۆیە ئەو کەسانەی ئاستی پاڵنەریان نزمە بەردەوام هەست بەبێزاری وناڕەحەتی لە کارەکانیان دەکەن وە بە پێچەوانەوەش .(عزیز، ٢٠١٧، لا ٧٢)

٢- هیوت(٢٠٠١): پێی وایە کە کارلێکردنی کۆمەلایەتی پەیوەندی بە درووستکردنی پاڵنەرەکانی تاك هەیە بە پێی بارودۆخی کۆمەلایەتی گۆڕانکاری بەسەر پاڵنەرەکان دادێت. (عزیز، ٢٠١٨، لا١٤٧)

سێیەم: پاڵنەری دەستکەوت :

١- **محمود ئیبراهیم(٢٠٠٢): ئەو بزوێنەرەییە کەلە پشت لایەنە جیاوازەکانی چالاکییەوە کە لە ڕێگەیەوە تاك شتی نوێ بەدەست دەهێنێت یان هەمواری دەکاتەوە لەڕێگای ڕەفتارەوە. (صالح،٢٠١٨،لا٢٩)**

٢- **عبدالعال(٢٠٠٧): ئەو ئارەزووەیە بۆ گەیشتن بە شتێك کە مانادار بێت، یان بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە نواندن. (السقا،٢٠١٨،لا٤٦)**

٣- **الحربی(٢٠١٠): ئارەزووی ئەنجامدانی کارێکی باش نیشان دەدات ، وە سەرکەوتن لەو کارەش بە پێی بنەماو پرەنسیپی ئاما نجە پێشوەختەو دیاریکراوەکان دەبێت .(بورزق،٢٠١٤-٢٠١٥،لا٢١)**

٤- **مۆرای: ئەم جۆرە پاڵنەرە پاڵنەرێکی جیهانییە و لای هەموو کەسێك هەیە و هیچ پەیوەندی بە نەتەوە و ئاین و ڕەگەز و تەمەن و چین و توێژی کۆمەڵایەتییەوە نییە. (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، لا١٠٣)**

پێناسەی توێژەران : بریتیە لەو هێزەی کە لە ناوەوەی تاك سەرچاوە دەگرێ ،وە هەوڵدەدات کە بەرجەستەی بکات لە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی و کاروچالاکییەکانی تاوەکو ئەو ئاما نجەی دیاریکردووە بەدەستی بهێنێ و پێویستی و دەستکەوتەکانی باشترو زیاتر بێت، هەندێ کاتیش هۆکاری ژینگەیی دەرەکی کاریگەری لەسەر هەیە.

پێناسەی کردەی : بریتیە لەکۆی ئەو نمرانەی کە لای کەسانی نابینا لەوەلامدانەوی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت بەدەستی دەهێنین کە لەم توێژینەوە هاتووە.

بەشی دووەم:

چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

تەوەرەی یەکەم:

یەکەم: چوارچێوەی تیۆری پتەوی دەروونی

دووەم: چوارچێوەی تیۆری پاڵنەری دەسکەوت

تەوەرەی دووەم:

یەکەم: توێژینەوەی پێشووی پتەوی دەروونی

دووەم:توێژینەوەی پێشووی پاڵنەری دەسکەوت

چوارچێوەی تیۆری:

تەوەرەی یەکەم:

یەکەم: پتەوی دەروونی:

پتەوی دەروونی :بریتییە لە هەستکردنی تاك وە قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکان یان فشارە دەروونیەکان کە بۆی دەردەکەوێت، وە کاردەکات بۆ ڕێگەگرتن لە دەرئەنجامە دەروونی و هەستیەکان وە بەشداری دەکات لە چاککردنی پەیوەندییە بازنەییەکان کە بەفشار دەست پێدەکات وە کۆتایی دێت بە دووبەرەکی دەروونی بە ڕەچاوکردنی ئەوەی قۆناغێك لە فشارەکە پێش کەوتوە.(فاتح ،٢٠١٤-٢٠١٥،لا١٤)

تیۆرەکانی پتەوی دەروونی:

تیۆری کوبازا:

توێژەری ئەمریکی سوزان کوبازا چەمکی پتەوی دەروونی بەکارهێناوە بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٩ لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ڕووداوەکانی ژیانی فشاری کەسایەتی و تەندروستی وە بەجێگەیاندن) ئەو وای دەبینێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکان لای تاك شتێکی حەتمییە کە ناتوانین لێی ڕابکەین، چونکە ژیان پڕییەتی لە قورسی و بەربەستەکان، هەروەها خەڵکی ناتوانن خۆیان لە شکست بپارێزن یاخود لە بێ هیوایی وە هەستکردن بە تەنهایی، وە ناتوانن ڕابکەن لە گۆڕانی کەسایەتی خۆیان لە قۆناغەکانی ژیانیان. کوبازا تیۆرەکەی لەسەر پتەوی دەروونی دارشتوە لە ڕێی پشت بەستن بە ئەنجامی کۆمەڵێك توێژینەوە کە کراوە لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٢-١٩٨٣-١٩٨٤) وە ئامانجی بوو کە گۆڕاوە دەروونیەکان و کۆمەڵایەتییەکان بزانێت کە لە پشت پاراستنی خەڵکیە بۆ تەندروستی دەروونی و جەستەیی خۆیان هەتا سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان ئەم توێژینەوانە لەسەر نموونەی دیاریکراو کراوە لە فەرمانبەرانی ئیداری ناوەند و بەرز وە هەروەها لای پارێزەران وە پیاوانی کار. کوبازا لە ساڵی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوە سەرەکییەکەی بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی پەیوەندی بە کەمکردنەوەی ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی) کردووە وە نموونەی توێژینەوەکەی نموونەیەکی جۆراوجۆر بوو لە فەرمانبەران، هەروەها پیاوانی کار کە ژمارەیان (٢٥٩) کەس بوو (٤٠)ساڵ تەمەنیان بوو، وە پێوەری پتەوی دەروونی کە لەلایەن کوبازا ئامادەکرابوو بەسەریان جێبەجێکرا، هەروەها ڕووداوەکانی ژیانی شەرمەزاری لەلایەن (هۆڵمز و راهی) دیاریکرابوو، وە پێوەری تەندروستی و نەخۆشی لە ئامادەکردنی (وایلەر ماسودە هۆڵمز) هەروەها پێوەری ئامادەباشی و بۆماوەیی لە کەسایەتی و پێوەری ڕێکخستن و نامۆیی لە خود و هەروەها پێوەری ئاسایش و مەعریفی، لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە پتەوی دەروونی بە سێ دووریییەکەی تەنها نابێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تاك بەڵکو دەبێتە هۆکاری بەرهەڵستیکردن و خۆڕاگری لە کاریگەری شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە تەندروستی جەستەیی لە بەرامبەر هەستکردن بە نامۆیی و کۆنترۆڵکردن لە بەرامبەر لاوازی و ڕکابەری بەرامبەر هەستکردن بە هەڕەشەکردن و هەروەها هەبوونی پەیوەندی لە نێوان دووری پەیوەست بوون، وە کۆنترۆڵکردن و درککردنی ئەرێنی و واقعی بۆ ڕووداوەکانی ژیان ، هەروەها شێوازەکانی ژیان کردن و دەرئەنجامەکان هێمایان بۆ ڕۆڵی کۆمەڵێك لە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی کردووە لە خۆپاراستن لە توشبوون بە شڵەژانەکان، وەکو یارمەتی دانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خێزاندا، کوبازا پێشنیاری پێشەکیەکی کرد لە بواری خۆپارێزی لە نەخۆشی

دەروونی و جەستەیی و دوای ئەوەی کە تێبینیکرد کە هەندێ لە خەڵکی دەتوانن خودی خۆیان بەدی بهێنن وە توانـاکانیان بەکاربهێنن سەرەڕای توشبوونیان بە کۆمەڵێك بێ هیوایی و فشار، هەروەها زۆرێك لە خەڵك نەخۆش ناکەون بەهۆی توشبوونیان بەفشاری دەروونی، پێشبینی ئەوەشی کرد هۆکاری ئەمە بریتییە لە پتەوی دەروونی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ڕووداوە فشارییەکان لەسەر تاك چونکە ئەو کاتانەی کەخاوەن پتەوییەکی دەروونی بەرزن ڕووبەڕووی فشارەکان دەبنەوە بەبێ ئەوەی توشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی ببن، هەروەها کوبازا کاری کرد لەسەر دڵنیاکردنەوەی گریمانەی تیۆرەکەی کاتێك گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو کەسانەی خاوەن پتەوی دەروونی بەرزن زیاتر توانای خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانیان هەیە، کوبازا کاریگەر بوو بە ئاڕاستەی مەعریفی (لازوراس) کەوای دەبینێت ڕووداوەکانی ژیانی فشاری گرنگە بۆ دیاریکردنی جۆری خۆگونجاندنی مرۆڤ چونکە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ توانـاکانی بە شێوەیەکی نەرێنی وەهەروەها بە شێوەیەکی نەگونجاو لە مامەڵەکردن لە ڕووداوە قورسەکاندا شتێکە دەبێتە هۆی هەڕەشەکردن دوای ئەوەش دەبێتە هۆی بێ هیوایی هەروەها کوبازا لەگەڵ لازاروس هاوڕابوو لە کەشی خێزانی لەسەر بونیادنان و ڕێزو پەیوەندیکردن و هاندان، وا لە منداڵ دەکات کە هەست بە ئاسایش بکات وە هەست بە بەهای خودی بکات، وای لێدەکات کە زیاتر توانای بەرگەگرتنی بەرپرسیارەتی هەبێت، هەروەها زیاتر توانای دەبێت لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانی لە قۆناغەکانی ژیانی، کوبازا بە کارەکانی (ماکوبی) سەرسام بوو کە ڕۆڵی ژینگەیی ڕوونکردەوە لە بونیادنانی پتەوی دەروونی لای تاك، ئەو تاکانەی کە پەیوەندی خێزانیان گەرماو گوڕە و قبوڵکردن و گرنگی پێدانی تێدایە لەگەڵ متمانە و ڕێزگرتن ئەمە وادەکات کە لای منداڵ بیروباوەڕی سەرکەوتن لە ڕێی توانـاکانی خۆی زیاد بکات، هەروەها (کوبازا و مادی) هۆکارەکانی کە وادەکات پتەوی دەروونی بتوانێت کاریگەری فشاری دەروونی کەمبکاتەوە ئاماژەیان پێدا و هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو کەسانەی خاوەن پتەوی دەروونی بەرزن زیاتر توانای ئەوەیان هەیە کە ڕووبەڕووی ئەو ناخۆشیانە ببنەوە کە لە ڕێگەی فشارەوە توشی مرۆڤ دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەیان کە خۆ گونجێنەرە و هەروەها فشاری بەردەوام دەبێتە هۆی ماندووبوون کە کۆمەڵێك نەخۆشی جەستەیی و دەروونی لەگەڵە، لێرەدا کاریگەری پتەوی دەروونی دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشارەکان کە لە چەند ڕێگایەکەوە ئە نجام دەدرێت :-

- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە درککردنی ڕووداوەکان.
- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی شێوازەکانی ڕووبەڕووبونەوەی بەربەستەکان.
- پتەوی دەروونی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە خوە تەندروستییەکان وەك پەیڕەوکردنی خۆراکی تەندروست و وەرزشکردن.

بەم شێوەیە کوبازا گەیشتە کۆمەڵێك دەرئەنجام کە بوە هۆی دارشتنی تیۆرەکەی،
ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوی ژیانی زەحمەت شتێکی گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی تاك و پێگەیشتوی دەروونی و کۆمەلایەتی، ئەو کەسایەتییەی کە خاوەن پتەوی دەروونیە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ بەرگەگرتنی ئازار و خۆپارێزی لە فشارەکان دواتر پتەوی دەروونی زیاتر بۆماوەییە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، هەروەها کوبازا هەندێ گۆڕاوی دیاری کرد کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پتەوی دەروونی کە ئەویش بریتیە لە(بۆماوە، ئاین، پاڵپشتی کۆمەلایەتی و دەروونی ، ئاستی بەرزی ئابووری ،فێربوونی کۆمەلایەتی،ئەرێنی) وای دەبینێت کە پتەی دەروونی لە

قۆناغی منداڵی گەشە دەسێنێ کە مرۆڤ ئەزموونی جۆراوجۆر بەدەست دەهێنی کە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کەسایەتییەکەی، هەروەها دەتوانی هێما بەوە بکەین کە چەمکی (پتەوی دەروونی)کە کوبازا باسی کردووە وەچەمکی (هەستی پتەوی) کە ئۆتۆنۆفیسکی باسی کردووە لە یەکتری نزیکن وە تیۆرەکەی ئۆتۆنۆفیسکی دەربارەی ئەوەبوو کە بۆچی هەندێ کەس زیاتر تەندروستن و زیاتر توانای ڕووبەڕووبونەوەی فشاریان هەیە ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ سێ هۆکار کە بریتیە لە :

- توانای تێگەیشتن.
- توانای درککردن.
- توانای کاریگەربوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان توانای ڕووبەڕووبونەوەیان باشە وەکو پارە و زیرەکی وە ڕێزگرتنی خود و خۆپارێزی تەندووستی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی ڕۆشنبیری، دەتوانین بڵێین کوبازا دیاری کرد کە پتەوی دەروونی بریتیە لە ئامادەباشی تەندروستی لە کەسایەتی کە سێ هۆکار لە خۆدەگرێت:

- پابەندبوون.
- کۆنترۆڵکردن.
- بەرنگاری.

ئەو کەسەی کە پتەوی دەروونی بەرزی هەیە ئەوەیە کە دەبینێت ڕووداوە فشارییەکان کاریگەرن و مانایەکیان هەیە و وا خۆی دەبینێت کە توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانی هەیە و درك بەوە دەکات کە گۆڕانکاری شتێکی سروشتیە، ئەویش توانای ڕووبەڕووبونەوەی بەربەستەکانی هەیە و دەتوانێت پەرە بەتوانای خۆی بدات لە ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان و خۆگونجاندن لەگەڵیان. (الدین ،٢٠١٦، لا١٩)

تیۆری مادی:

یەکەم تێگەیشتنی پتەوی دەروونی لە ساڵی (١٩٨٧) لە کارەکانی زانای دەروونزانی ئەمریکی (سیلفاتور مادی)دەرکەوت، ئەو پرۆفیسۆرە کەچاودێری کوبازا دەکات لە دکتۆراکەی، وە لە نوسینەکانی لەسەر (ناسنامەی نموونەی کەسایەتی پێشوی نەخۆشیەکە) دەرکەوت کە هەلومەرجی درێژخایەنی لەدەست دانی مانا وە نامۆیی لە بوونی مرۆڤدا دەبێتە خەسڵەتێکی ژیانی ئاسایی مۆدێرن و گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و گۆرانکاری لە کلتووری کۆمەڵایەتی و لەو شوێنەی کە خەڵك ناسنامەیان هەیە لەسەر بنەمای ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان. مادی بەشداری گەورەی لە پتەوی دەروونی هەبوە و سەرەتای کاتێك بوو کە خوێندکارانی زانکۆی شیکاگۆ ڕایانکرد لە لێکۆڵینەوەی درێژخایەنی (١٢)ساڵەی لە ساڵی (١٩٨١-١٩٩٣) لە کۆمپانیای (بیل پەیوەندی ibt) و لەساڵی (١٩٨١) کۆمپانیاکە بڕیاری دا بە کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران بۆ نیوە لە ئەنجامدا ئەو فەرمانبەرانەی کە مابوونەوە لەکارەکەیان ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکان بوونەوە لە وەسفی کاردا، مادی و گرووپی توێژینەوەکەی لێکۆڵینەوەیەکی قوڵیان لەسەر(٤٠٠) نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا وە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە کە لە پێش کەمکردنەوەی فەرمانبەران و لە پاش کەمکردنەوەی فەرمانبەران دەرکەوت کە دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی نموونەکە بەدەست کەمبوونەوەی ئەدا و کارامەیی سەرکردایەتی و ناتەواوی تەندروستی دەناڵێنن. وەکو جەڵتەی دڵ، قەڵەوی، خەمۆکی، بەکارهێنانی

مادەهۆشبەرەکان، لە ئەنجامی بەرکەوتنی فشاری زۆر وهەندێك جار مردن لە هەندێك حاڵەتدا، لەبەرامبەر سێیەمەکەی تری نموونەکە، ئەو فەرمانبەرانەی تێدایە کە هەمیشە لەژێرفشاری زۆر و گۆرینی ئیش دابووە کەهاوپیشەکانیان فەرمانبەرەکان ئاشکرابوون جگە لەمەش تەندروستی خۆیان پاراستوە ئەوان بەباشی نمایشیان کرد و هەستیان بە پەرۆشیەکی دیاریکراو کرد، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش بۆچی ئازاری ئەو دووگروو پەی داوە؟ (مادی) ئەوکەسانەی کە بەردەوام بوون لە فشار خستنە سەریان هەستان بە پاراستنی سێ بیروباوەڕی سەرەکی و نەرمیان هێشتەوە کە یارمەتیان دا ئەم فشارانە لە دوودڵی بگۆڕن بۆ دەرفەتێك بۆ ژیان. ئەو بیروباوەڕانە بوون بە سێ کلیلی پەیوەندیدار بە(پاپەندبوون ،کۆنترۆڵ، بەرنگاری). پابەندبوون بە گەڕان وای لێکردوون لەجیاتی ئەوەی خۆیان بپارێزن هەست بە گۆشەگیری بکەن دەست بکەن بە کار، هەروەها کۆنترۆڵ وای لێکردوون کە بەرەنگاری ناکۆکیەکان ببنەوە و هەوڵبدەن کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان بکەن ئەمەش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان لاوازیە، هەروەها بەرەنگاریەکە وای لێکردوون گۆڕانکارییەکان بناسێنن کە لە ئەنجامی فشارەکان چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی بۆ فێربوون. ئاستی پتەوی دەروونیەکە ئەوە دیاری دەکات کە ئێمە چۆن وەڵامی فشارەکانی ژیان دەدەینەوە ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان کارمەندەکانی کۆمپانیای بێل پەیوەندی دەرکەوتن، سێ تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی پشت ڕاستکردەوە کە پتەوی دەروونین (پابەندبوون، کۆنترۆڵکردن ،بەرنگاری) کە وەك خەسڵەتی شێوازەکانی بەرپەچدانەوەی فشارەکان دەرکەوت و لە بوارە جیاجیاکاندا تاقیکرایەوە ونرخێندرا لەوانە بەڕێوبەرایەتی و بازرگانی و دەرچوون و قوتابخانە و کلینیکە پزیشکیەکان، ئەوە کاریگەری سەلماندووە لە یارمەتی دانی خەڵك لەکاتی سەختیدا. لە مادی پتەوی پێکهاتەیەکی تاکە کەسیە لە سێ ڕەهەندی تێکەڵ و کارلێك، کەسێك کە پابەندە بەوەی کە ئەوکارەی دەیکات و لەکار لادەبردرێت دوای ئەوە بەردەوام باشترین ڕێگا دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەزمونەکەی بکاتە ئەزمونێکی سەرنج ڕاکێش و مانادار، کەسێکی خاوەن کۆنترۆڵیش حەزدەکات کاریگەری لەسەر داتا قورسەکانی فشار دروست بکات. ئەو کەسەی فێری بەرنگاری بەرز بووە لە ئەزمونەکانی ئەم سێ ڕەهەندە لە پتەوی دەروونی لەگەڵ پاڵە پەستۆدا دەگونجێنێت بۆ ئەوەی ئەو هەڵ و مەرجەی کە پەستان دەخاتە سەر تاك لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت بۆ هەڵ و مەرجی گەشەکردنی کەسی.

دووەم: پاڵنەری دەستکەوت:

پاڵنەر حاڵەتێکی (جەستەیی - دەروونییە) لە ناوەوەی مرۆڤ هەڵسوکەوت لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەجوڵێنێ و ئاراستەی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، هەموو کەسێك کەم تا زۆر پاڵنەری دەستکەوتی هەیە دەستکەوتەکان جۆراو جۆرن وە تاکەکان هەمان دەستکەوتیان نییە بەڵکو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، پاڵنەری دەستکەوت بابەتێکی ڕێژەییە لای تاك. ئەوانەی پاڵنەری دەستکەوتیان بەرزە ئەم تایبەتمەندیانەیان هەیە:

ئاڕاستەی ڕەفتار:- واتە کارێك کە هەڵیدەبژێرێت کاری لەسەر دەکات تاکو کۆتایی دێت ناچێتە سەر کارێکی تر.

بەردەوام بوون :- واتە خواستی تاکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بگەڕێتەوە بۆ کارەکەی کەی جێی هێشتوە یان تەواو کردنی کارەکەی یان زیادکردنی، بەڕوونی ئاستی پاڵنەرەکەی خۆی بۆ کارەکە نیشان دەدات.

ئاستی چالاکی:-واتە تاڕادەیی چالاکی تاك لە کارێك بەرزتربێت زیاتر گوزارشتە لە پاڵنەری دەستکەوت بۆ کارەکەی. (برجی،٢٠١٧-٢٠١٨،لا١٤٥)

مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆزە هەر لەبەر ئەم ئاڵۆزیەشی بۆتە جێگەی سەرنجی زانایانی دەروونزانی هەریەکەیان لە لایەنێکی کۆڵیوەتەوە بۆ تێگەیشتن لەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدات و چەندین زانای دەروونزانی لێکۆڵینەوەیان کردووە ئاخۆ چ شتێك دەبێتە هۆی درووستبوونی پاڵنەری تاك تاکو دەستکەوتی هەبێت لەژیان، چەندین تیۆر هەن کە گرنگیان داوە بە پاڵنەری دەستکەوت، توێژەران هەڵدەستن بە نیشاندانی هەندێ لەو تیۆرانە:

تیۆرەکانی پاڵنەری دەستکەوت:

دیڤدماکلیلاند:

یەکێکە لە زانایانی بواری دەروونزانی کە دەستنیشانی پێداویستی بۆ دەستکەوتن کردووە، کاری کردووە لەسەر پاڵنەری دەستکەوت، پێی وایە جەخت کردن لەسەر بوارێکی سنوردار هەرگیز پۆلینێکی تەسك نییە و لە ڕێگای جەختکردن لەسەر یەك کێشە و پاڵنەر، دەڵێت کاتێك هەڵساین بە توێژینەوەکانمان بۆمان دەرکەوت نەك تەنها شتی زۆر فێردەبووین دەربارەی پاڵنەری دەستکەوت بەڵکو لەبوارەکانی تریش زۆر شت فێردەبووین. لەڕێگای هەوڵە ژیرەکانی ماکلیلاند و هاوڕێکانی دەربارەی پێوانەی پاڵنەری دەستکەوت لای تاك بۆمان دەرکەوت کەوا چۆن ڕەفتار لەچەندین هەڵوێستدا دەگۆڕێت بەکاریگەری ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن. هەروەها چەندین سەرچاوەشیان بۆدەرکەوت کە کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی پێداویستی یا لەسەر لەدەستدانی ئەو پەرەپێدانە لای تاك. وەلە ڕێگای توێژینەوەکانی بۆی دەرکەوت چۆن ئاستی گشتی پێداویستی بۆ دەستکەوتن کاردەکاتە سەر گەشەی ئابووری لە کلتوورە کۆن و هاوچەرخەکاندا لە ئەنجامی ئەمەش دەتوانرێت پێشبینی بە ئایندەی گەشەی ئابووری هەر وڵاتێك بکرێ یا بە داڕمانی لە ڕێگای پێوانەی ئاستی پێداویستی بۆ دەستکەوتن لای تاکەکان لە ئێستادا، کاتێکیش پاڵنەری دەستکەوتن لای تاك لە کلتورێك بەهێز دەبێت ئەوکاتە دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە لە سرووشتی ئەو کلتورە بکات. ماکلیلاند سودی لە ئامرازەکانی فرۆید و زانایانی دەروونزانی ئەزموونی وەرگرت بۆ پەرەپێدانی پێوانەکردنی پاڵنەری دەستکەوت و شێوازە بنەڕەتیەکەی بۆ دۆزینەوەی ئەو پاڵنەرەی کە بمانەوێت دەرکەوێت و بیپێوین لەوانە(خەیاڵی تاکەکان، تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی tat، پتەوکردنی(خەلاتکردنی)ڕەفتارە نوێیەکە،خولی خوێندن بۆ فێربوونی پاڵنەری دەستکەوتن لای گەورەکان، ڕاهێنان و چەسپاندنی بڕوا لەلای تاك)، پێی وایە گۆڕانکارییەکان لە پاڵنەردا زیاتر ڕوودەدەن کاتێك تاك هەست بە جۆشوخرۆش و ئارامی و ڕاستگۆیی بکات بە پاڵپشتی ڕێزگرتن لە مامۆستاکانی و هاوڕێکانی.(مستەفا،٢٠١٩،لا٤٩٦-٥٠٣)

مازلۆ:

لە بیردۆزەکەی پاڵنەریەت بابەتێکی سەرەکی و ناوەوەندییە، ئاماژەی بە ژمارەیەك پێداویستیە ڕەمەکییەکان داوە کەوا ڕەفتاری هەموو تاکێك دەوروژێنێت و ئاراستەی دەکات بۆ ئەوەی دەستکەوتی هەبێت. ئەو پێداویستیانە ڕەمەکین لەبەر ئەوەی لە ڕێگای بۆماوە و لەکاتی لەدایك بوون درووست دەبێت بەلام ئەو ڕەفتارەی کە بەکاردێت بۆ تێرکردنی

ئەو پێداویستیانە ڕەفتاری فێربووە، ئەم ڕەفتارە فێرکراوە جیاوازی هەیە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر. وە خەسڵەتێکی تری ئەم پێداویستیە گشتگیرانە بریتییە لە ڕێکخستنیان بە شێوەی پەیژەیی یان هەرەمی بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پێداوستیە فسیۆلۆجیەکان.
- پێداویستی بۆئاسایش و ئارامی دەروونی.
- پێداویستیەکانی ئینتیماو خۆشەویستی.
- پێداویستی بۆ ڕێز.
- پێداویستی بۆ سازدانی خود.(وەدیهێنانی خود)

ئەو پێداویستیانەی کە دەکەونە خوارەوەی پەیژەی پاڵنەرییەت بریتیەلە (پێداویستیە فیسۆلۆجییەکان)کە دەبێت تێربکرێن پێش ئەوانی تر. تاك لەهەمان کاتدا هەموو ئەو پێداویستیانە نایانجوڵێنێت تەنها یەکێك لەو پێداویستیانە زاڵ و ئامادە دەبێت، زاڵبوون و هێزی هەر پێداویستیەك دەوەستێتە سەر ئەوەی کامیان تێر کراوە کامیان تێرنەکراوە. (مستەفا،٢٠١٩،لا٣٥٣-٣٥٥)

هەر تاکێك بە پێی ڕێگا و شێوازی تایبەتی خۆی ئەو پێداویستیانە فەراهەم دەکات لەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی، کەواتە پاڵنەری دەسکەوت بە پێی بوونی پێداویستییەکان لای تاك دیاری دەکرێت.

مۆڕای:

گرنگرین بابەت کە پێشکەشی کردووە لە تیۆرەکەی چەمکی (پێداویستیەکان) بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی پاڵنەر و ئاڕاستەی ڕەفتار. وە پۆلینێکی دوور و درێژی خستەڕوو بۆپێداویستیەکان کە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی چڕو فراوانە لەلایەن مۆڕایەوە لە کەسە ئاساییەکان. بەبۆچونی مۆڕای پێداویستی چەمکێکی گریمانەییە و لەسەر گریمانە بەندە وە ڕوودانیشی بابەتێکی وێناکراوە لە پێناو ڕاڤەکردنی هەندێ لە ڕاستییە بابەتی وخودییەکان پێداویستیەکان لە چالاکی یان لە پڕۆسە ناوەخۆییەکان یان لە ژینگەییەکان درووست دەبێت، پێداویستی هەڵدەستێ بە چالاککردنی ڕەفتار بە ئاڕاستەی گونجاو بۆ ڕازیکردنی پێداویستیەکە،کە پێداویستیەکان ئەمانەن(کۆنترۆڵکردن،ڕێزگرتن،سەربەخۆی،بەدەستهێنان،لایەنگری،ڕەتکردنەوە.....هتد) مۆرای پێی وایە ئەم پێداویستیانە مەرج نیە هەمووی لەکەسێکدا هەبێت هەندێ کەس هەن لەوانەیە بە درێژای ژیانیان هەست بەهەموو ئەو پێداویستیانە بکەن بەلاّم هەندێکی تر هەن بۆیات نەڕەخساوە کە هەست بە هەندێك لەو پێداویستیانە بکەن.
(مستەفا،٢٠١٩،لا٢٤٥تا٢٤٩)

بەپێی تیۆرەکانی ماکلیلاند وماسلۆ ومۆرای بۆمان دەردەکەوێت کە پاڵنەری دەستکەوت بەستراوەتەوە بە پێداویستیەکانی تاك، تاوەکو ئاستی پێداویستی لای تاك بەرزتربێت ئەوەندە پاڵنەری دەستکەوت لای بەهێزتر دەبێت کەواتە پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەهێز لەنێوانیان هەیە، تا دەستکەوتی تاك زیاتر بێت ئەوا بیرۆکەو توانای بۆ سازدانی خود و داهێنان زیاتر گەشەدەکات دەبێتە تاکێکی داهێنەر سود بەخش.

تەوەرەی دووەم:

یەکەم: توێژینەوەی پێشووی پتەوی دەروونی:

لێکۆڵینەوەی الشهری (٢٠١٥)سعودیە بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی پەیوەندی بە کوالێتی ژیان لەلای قوتابیانی زانکۆی پەروەردە لە دمام) ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی بوو لە نێوان پتەوی دەروونی ە کوالێتی ژیان و دۆزینەوەی جیاوازی لە پتەوی دەروونی بە پشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز وتاییە تمەندی. نمونەی توێژینەوەکە لە (٣٠٢) قوتابی پێکهاتبوو، کە (١٥١)قوتابی کوڕ و(١٥١) قوتابی کچ. کەرەستەکانی کە بەکاریان هێنابوو پێوانی پتەوی دەروونی کە دانراوە لەلایەن مخیر(٢٠١٢) وە پێوانی کوالێتی ژیان کە دانراوە لەلایەن منسی و کاڤم(٢٠١٠). ئەنجامی توێژینەوەکە دەری خست کە پتەوی دەروونی بە ئاستی بەرز بونی هەیە لەلای ئەندامانی نمونەی توێژینەوە، وە پەیوەندی ئەرێنی بوونی هەیە لە نێوان پتەوی دەروونی وە کوالێتی ژیان، وە جیاوازی ئاماری هەیە لە پتەوی دەروونی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بە پشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز و تاییە تمەندی.
(شلهوب،٢٠١٥-٢٠١٦، لا٢٤)

لێکۆڵینەوەی باربرا و ئەوانی تر کە (٢٠٠٣)لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی لەگەڵ ڕووداوە فشارەکانی ژیان لای پێگەیشتوان) ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دۆزینەوەی کاریگەری پتەوی دەروونی لەسەر فشاری کەسی و گونجانی لە گەڵ ڕووداوە فشارەکانی ژیان، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٨٨)کەس کە ئیشەکانیان لەدەست دابوو، (٢٢٧)کەس کە منداڵەکانیان لە ماڵەکانی

خۆیان جێهێشتبوو لە ولایەتی تکساس، کەرەستەکانی کە بەکاریان هێنابوو بریتی بوو لە پێوانی پتەوی دەروونی کە دانرابوو لە لایەن (یونکن بیتز ١٩٩٦). ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە بریتی بوو لەوەی کە پتەوی دەروونی کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر ستراتیجییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی فشارە دەروونیەکان. وە جیاوازی هەیە لە پێوانی پتەوی دەروونی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوە وە گۆڕاوی شوێنی. (شلهوب، ٢٠١٥-٢٠١٦، لا٢٦)

لێکۆڵینەوەی المفرجی والشهری (٢٠٠٨) سعودیە بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی پەیوەندی بە ئاسایشی دەروونی لای قوتابیانی زانکۆ). ئامانجی توێژینەوەکە زانینی جیاوازی بوو لە پتەوی دەروونی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز و تایبە تمەندی و ساڵی خوێندن. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤٥٩) قوتابی کچ وکوڕ، وە ئەو کەرەستەیەی کە بەکارهاتبوو پێوانی پتەوی دەروونی کە دانراوە لەلایەن(لیکونن ویتز)، وە وەرگێڕدراوە لەلایەن (حمادة و عبداللطیف) و ئەنجامی توێژینەوەکە بەدەری خست کە پەیوەندی ئەرێنی و ئاماری هەیە لە نێوان پتەوی دەروونی و ئاسایشی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە. جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە پتەوی دەروونی بە پشت بەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز و تایبە تمەندی ساڵی خوێندن. (شلهوب،٢٠١٥-٢٠١٦، لا٢٠)

دووەم: توێژینەوەی پێشووی پاڵنەری دەستکەوت:

لێکۆڵینەوەی علوگی(٢٠٠٨): لەسەر بابەتی(پاڵنەری دەستکەوت پەیوەندی بە ڕێزگرتنی خود لای قوتابیانی زانکۆ)ئەم توێژەینەوەیە بەدەری خست پەیوەندی هەیە لە نێوان پاڵنەری دەستکەوت و ڕێزگرتنی خود لای قوتابیانی ساڵی دووەمی زانکۆ لە زانکۆی جیجل. ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە (٤٧٢)بوو (١٤٠)قوتابی کور (٣٣٢)قوتابی کچ وە توێژەر پێوەری ڕێزگرتنی خود بەکارهێنا لەلایەن (حسین عبدالعزیز الدینی) دانرابوو وە تاقیکردنەوە بۆ پاڵنەری دەستکەوت لەلایەن هیرمانز. ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە ئەوەبوو کە پەیوەندی ئاماری هەیە لە نێوان ڕێزگرتنی خود وە پاڵنەری دەستکەوت، وە جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان قوتابیانی کچ و کوڕ لە پاڵنەری دەستکەوت، جیاوازییەکە ئاستی بەرزە لە ڕێزگرتنی خود و جیاوازی هەیە لە نێوان کچ و کوڕ لە ڕێزگرتنی خود وە جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابیانی زانستی وە تەکنەلۆجیا وەقوتابیانی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ڕێزگرتنی خود و پاڵنەری دەستکەوتیان لە بەرژەوەندی قوتابیانی زانست. (برجی،٢٠١٧-٢٠١٨،لا٣٠)

لێکۆڵینەوەی المساعید (٢٠٠٩): زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندی بە هەموو بەدەستهێنانی ئەکادیمی و پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابیانی زانکۆ لەژێر ڕۆشنایی هەندێ لە گۆڕاوەکان. توێژینەوەکە بە دوای زانینی زیرەکی هەڵچوونی قوتابیانی زانکۆی البیت بوو وە پەیوەندی بە هەموو پاڵنەرە دەستکەوتییەکان و بەدەستهێنانی خوێندن لای قوتابیان ، نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٤٠) قوتابی کچ و کوڕ پێکهاتبوو لە شارەزایانی ئەدەبی و زانستی و جیاوازی لە ئاستەکانی خوێندن لە زانکۆ. توێژەر کەرەستەی تایبەت بە توێژینەوەکە بەکار هێنا یەکەم پێوان بۆ زیرەکی هەڵچوونی و دووەم پێوان بۆ پاڵنەری دەستکەوت و ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە بەدەری خست کە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و هەموو پاڵنەرە دەستکەوتییەکان و بەدەستهێنانی خوێندن. وە

جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان خوێندنی تایبەت ئەوەش لە بەرژەوەندی شارەزاییانی ئەدەبی، وە جیاوازی هەیە لە ئاستەکانی خوێندن ئەمەش لە بەرژەوەندی قوتابیانی قۆناغی چوارەم لە زانکۆ. (برجی،٢٠١٧-٢٠١٨،لا٣٢)

لیکۆڵینەوەی chetri(٢٠١٤): دەربارەی بابەتی پاڵنەری دەستکەوت لەلای هەرزەکاران وە پەیوەندی بە بەدەستهێنانی خوێندن. ئامانجی ئەم توێژینەوە زانستیە دۆزینەوەی پەیوەندی بوو لەنێوان پاڵنەری دەستکەوت وە بەدەستهێنانی خوێندن لای هەرزەکار، نمونەی توێژینەوەکە سنوردار کرابوو لەسەر(٤٨٠)قوتابی کچ وکوڕلە قوتابخانەی ناوەندی کەنمونەکە لە قوتابخانەی حکومی و ناحکومی وەرگیرابوو وە تەمەنیان لە نێوان(١٦-١٧)ساڵ بوو لە ناوچەی شارستانی ولادێکان

ئەنجامی توێژینەوەکە بەدەری خست کە جیاوازی هەیە لە پاڵنەری دەستکەوت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز وە ناوچەی جوگرافی، لەکاتێکدا جیاوازی هەیە لە نێوان گۆڕاوی سیستەمی پەروەردەی لە بەرژەوەندی سیستەمی حکومی، هەروەها جیاوازی هەیە لە بەدەستهێنانی خوێندنی قوتابی کە بەستراوەتەوە بە جۆری سیستەمی پەروەردە و ناوچەی جوگرافییەوە لە بەرژەوەندی سیستەمی تایبەت و ناوچەشارستانییەکان

وە جیاوازی هەیە لە بەدەستهێنانی خوێندن لەگۆڕاوی ڕەگەز، وە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان پاڵنەری دەستکەوت وە بەدەستهێنانی خوێندن. (برجی،٢٠١٧-٢٠١٨،لا٣٤)

بەشی سێیەم
ڕێبازی توێژینەوە و بەکارهێنانی

یەکەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوە

دووەم/ نموونەی توێژینەوە

سێیەم/ ئامرازەکانی توێژینەوە

١- پێوەری پتەوی دەروونی

٢- پێوەری پاڵنەری دەسکەوت

أ- ڕاستگۆیی پێوەر

ب- ڕاستگۆیی وەرگێڕان

ج- جێگیری پێوەر

چوارەم/ جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە

پێنجەم/ یاسا ئامارییەکان

ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم بەشە باس لە میتۆدی توێژینەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە و چۆنییەتی جێبەجێ کردنی توێژینەوە دەکات، لەگەڵ ئامرازەکانی پێوانەی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کە (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت) دوای دڵنیابوون لە ڕاستگۆییەکەی و جێگیری پاشان جێبەجێ کردنی، وە چارەسەری ئاماری و دەرهێنانی ئەنجامەکانی، ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی (وەسفی)یە کە گونجاوترین میتۆد بۆ توێژینەوە دەروونییەکان کە تیایدا زانیاری گونجاو کۆدەکرێتەوە، ڕێکدەخرێت و دەخرێتە ڕوو، دواتر شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت.

یەکەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم نابینایانی ئەندام لە کۆمەڵەی نابینایان و پەیمانگای ڕوناکی نابینایان و ژمارەیەکی تری دەرەوەی ئەم سنوورانە لە شاری هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

دووەم/ نموونەی توێژینەوە:

نموونەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (٥٠) نابینا کە (٢١) نابینا لە کۆمەڵەی نابینایان و (١١) نابینا لە پەیمانگای ڕوناکی نابینایان و (١٨) نابینا لە دەرەوە. بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەرکەوتە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە (٢٥) نابینا نێر و (٢٥) نابینا مێ بوون هەڵبژێردران، وەك لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١) نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

شوێن	نێر	مێ	کۆی گشتی
کۆمەڵەی نابینایان	١٣	٨	٢١
پەیمانگای ڕوناکی نابینایان	٥	٦	١١
لە دەرەوە	٧	١١	١٨

سێیەم/ ئامرازەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە دوو پێوەر، پێوەری یەکەم بۆ پێوانی پتەوی دەروونی و پێوەری دووەم بۆ پێوانی پاڵنەری دەسکەوت.

١- پێوەری پتەوی دەروونی:

توێژەران بۆ پێوەری (پتەوی دەروونی) پشتیان بەستووە بە پێوەری (مخیمر، ٢٠٠٦) کە لە بنەڕەتدا (٤٧) بڕگە پێکهاتبوو کە پێوانی پتەوی دەروونی دەکات، پاشکۆی (١) وەڵامی بڕگەکان بە شێوازی (هەمیشە بەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەندێکجار بەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەرگیز بەسەرم جێبەجێ نابێت).

٢- پێوەری پاڵنەری دەسکەوت:

بۆ پێوەری (پاڵنەری دەسکەوت) توێژەران پشتیان بەستووە بە پێوەری (بن بریکە ،)٢٠٠٧) کە لە بنەڕەتدا لە (٤٠) بڕگە پێکهاتبوو کە پێوانی پاڵنەری دەسکەوت دەکات وەك لە پاشکۆی (٢) ڕوونکراوەتەوە، بڕگەکان بە شێوازی (هەمیشە، هەندێ جار، زۆرجار، بەدەگمەن، هەرگیز).

أ/ بە کەڵك بوونی پێوەر (ڕاستگۆیی):

ڕاستگۆیی پێوەر بریتییە لە پێوانەی تاقیکردنەوە بۆ توانای ئەوەی ئامادەکراوە بۆ پێوانەکردن.

(الحجازی، ٢٠١٢، لا١٥)

بریتییە لەو توانایەی کە دەتوانێ ئەو شتە بپێوێت کە بۆی دانراوە، وە مەبەست لە ڕاستگۆیی دەرەکی تەنها ئەوە نییە کە ئاستی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە پێویستە لە ڕووی ڕووخسارەوە ڕوون بکرێتەوە، چونکە شێوازی گشتی تاقیکردنەوەکەیە لە ڕووی جۆری زاراوەکان و شێوازی دارشتن و ئاستی ڕوونی و ئاشکرایی و بابەتی و وردی و ئاستی گونجاندنی تاقیکردنەوەکە(بەرواری، ٢٠١٤، لا٢).

بەکەڵکبوونی ڕواڵەتی:

توێژەران دوای خواستیان بۆ هەردوو پێوەری (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت) لە توێژینەوەکانی پێشوو خستیانە بەر دیدی شارەزایان کە (١٠) شارەزابوون لە پاشکۆی (٣) لە بواری دەروونزانی بوون، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکان لە دوای دەرخستنی ڕاستگۆیی پێوەرەکان بۆ پێوەری پتەوی دەروونی ڕەزامەندی (١٠٠٪) زیاتری شارەزایان لەسەر هەر بڕگەیەکی پێوەر کرا بە بنەما بۆ مانەوەی هەر بڕگەیەك دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان (٣٠) بڕگە ڕەزامەندی لەسەر درا و (١٧) بڕگە سڕایەوە.

خشتەی (٢)

ڕای شارەزایانی (بواری دەروونزانی) بۆ مانەوە و لادانی بڕگەکان.

بۆ پێوەری پتەوی دەروونی:

زنجیرەی بڕگەکان	کۆی بڕگەکان	ژ. ڕازیبوون	ڕێژە٪	ژ. ناڕازیبوون	ڕێژە٪	
١-٢-٥-٧-١٠-١٢-١٣-١٤-١٥-١٧-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٦-٢٧-٣٠-٣٢-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٥-٤٦-٤٧	٣٠	١٠	١٠٠ ٪	سفر	٠٪	
٣-٤-٦-٨-٩-١١-١٦-١٨-١٩-٢٠-٢٥-٢٨-٢٩-٣٣	١٤	٩	٩٠٪	١	١٠٪	*
٣١- ٣٨-٤٤	٣	٨	٨٠٪	٢	٢٠٪	*

*ئەم بڕگانە سڕانەوە.

بۆ پێوەری پاڵنەری دەسکەوت:

لە دوای دەرخستنی ڕاستگۆیی بڕگەکان ڕەزامەندی (١٠٠٪) شارەزایان لەسەر هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە کرا بە بنەما بۆ مانەوەی هەر بڕگەیەك دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان کە (٢٦) بڕگە مایەوە و (١٤) بڕگە سڕایەوە.

خشتەی (٣)

ڕای شارەزایان بۆ مانەوە و لابردنی بڕگەکانی پاڵنەری دەسکەوت.

زنجیرەی بڕگەکان	کۆی بڕگەکان	ژ. ڕازیبوون	ڕێژە٪	ژ. ناڕازیبوون	ڕێژە٪	
١-٣-٥-٦-٧-٩-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٩- ٢٣-٢٤-٢٥-٢٧-٢٩-٣٠-٣١-٣٢-٣٣-٣٤-٣٦-٣٨	٢٦	١٠	٪١٠٠	سفر	٪٠	
٢-٤-٨-١٨-٢٠-٢١-٢٢-٢٦-٢٨-٣٩-٤٠	١١	٩	٪٩٠	١	٪١٠	*
١٧-٣٥-٣٧	٣	٨	٪٨٠	٢	٪٢٠	*

***ئەم بڕگانە سڕانەوە.**

ب/ ڕاستگۆیی وەرگێڕان:

هەردوو گۆڕاوی (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت) بە زمانی عەرەبی بوو، پاش خواستی تەواوی بڕگەکان بۆ هەردوو گۆڕاو (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت) دەقە عەرەبییەکە لە لایەن *(امیر عبدالسمیع) کرا بە زمانی کوردی، وە دواتر دەقە کوردییەکە لە لایەن *(نیبراس صوبحی) کرایەوە بە زمانی عەرەبی، دواتریش لە لایەن (سەرپەرشتیار) دەقە کوردی و دەقە عەرەبییەکە بەراوردکران، سەرئە نجام تا ئاستێکی زۆر لێك نزیك بوون.

ج/ جێگیری پێوەر:

توێژەران هەڵسان بە بەکارهێنانی شێوازی تاك و جووت بۆ دەرخستنی جێگیری لە بەرواری (١٢/ ٤ / ٢٠٢٢) ئە نجامدرا کە نموونەی جێگیرییەکەی (٣٠) نابینا بوو لە ڕەگەزی نێر و مێ بە ڕێگای هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون لە (نابینایانی کۆمەڵەی نابینایان و پە یمانگای ڕووناکی نابینایان و بەشێکیش لە دەرەوەی ئەمانە هەڵبژێردران)

دواتر دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پتەوی دەروونی بە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن جێگیری پێوەر بە شێوازی تاك و جووت بە یاسای پێرسۆن بریتی بوو لە (٠.٧٢) دوای ڕاستکردنەوەی بە یاسای سپێرمان براون (٠.٨٤) بەرزبویەوە، ئەمەش ئاستێکی بەرزە لە جێگیری.

بۆ پاڵنەری دەسکەوت بە هەمان شێوە پشت بە شێوازی تاك و جووت بەستراوە دوای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن جێگیری پێوەر بە شێوازی تاك و جووت بە یاسای پێرسۆن بریتی بوو لە (٠.٦٤) دوای ڕاستکردنەوەی بە یاسای سپێرمان براون (٠.٧٥) کە ئەمەش ئاستێکی بەرزە لە جێگیری.

*** امیر عبدالسمیع: دەرچووی بەشی زمانی عەرەبی**

*** نیبراس صوبحی: دەرچووی بەشی زمانی عەرەبی**

چوارەم/ جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە:

دوای ئامادەبوونی پێوەرەکانی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت و دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری توێژەران هەڵسان بە جێبەجێکردنی پێوەرەکان لەسەر نموونەی توێژینەوە (٣٠) نابینا، (١٥) نێر، (١٥) مێ بوون، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان، نمرە بۆ بڕگەکان دانرا بە پێی جۆری ئەرێنی و نەرێنی بڕگەکان.

پێنجەم/ یاسا ئامارییەکان:

ئەم یاسا ئامارییانەی کە بەکارهێنراون لەم توێژینەوەیەدا بە ڕێگای بەرنامەی (SPSS)ی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە ئە مانەن:

١.هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهاتووە (بۆ دەرهێنانی جێگیری بۆ هەردوو گۆڕاوی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لە نمونەی توێژینەوەکە) بۆ جێگیری پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە.

٢. هاوکۆلکەی پەیوەندی سپیرمان بڕاون بەکارهاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی پێوەر.

٣. T-Test بۆ یەك نموونە بەکارهاتووە بۆ زانینی هەریەك لە پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت لای نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی.

٤. T-Test بۆ دوو نموونە بۆ دەرخستنی جیاوازی هەریەك لە پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەسکەوت بە پێی گۆڕاوەکانی (نێر - مێ) باری خێزانی (سەڵت – خێزاندار).

بەشی چوارەم

- خستنە ڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان
- ڕاسپاردەو پێشنیازەکان.

بەشی چوارەم

خستنە ڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:

ئاماژەی یەکەم : زانینی ئاستی پتەوی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی:

بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی یەکەم کە بریتیە لە دەرخستنی ئاستی (پتەوی دەروونی) لە دەرئەنجام بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەی پتەوی دەروونی (٧١,٧٠) بەلادانی پێوەری (٧,١٥) کە گەورەترە لە ناوەندی گریمانە (٦٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پتەوی دەروونی لای نابینایان بەرزە . بۆدڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەو ئاستە توێژەران بە بەکارهێنانی تێستی (ت) بۆیەك نموونە دەرکەوت کە بەهای (ت) ژمێرەیی (١١,٥٦) بەرزترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٦٧) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٩) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی پتەوی دەروونی لای نابینایان بەرزە، وەك لە خشتەی (٤) هاتووە.

خشتەی (٤)

زانینی ئاستی پتەوەی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە رووندەکاتەوە.

گۆڕاو	نموونە	ناوەندی ژمێرەی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەیی	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
پتەوی دەروونی	٥٠	٧١,٧٠	٧,١٥	٦٠	١١,٥٦	١,٦٧	٤٩	0.05

بە پێی ئەنجامەکە دەردەکەوێت پتەوی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە بەرزە، ئەمەش بەڕای توێژەران هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەنگە نابینایان لە کۆمەڵگا پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان بۆ فەراهەم بووبێ ئەوەك تووشی ناکامی و هەست بە گوناه بکەن، کە لەوانەیە بە دیدی تاکەکان کەسانی نابینا خاوەن پێداویستییەکی تایبەتین و وەك بەها و نەریت ئەم ڕەچاوکاریەیان ئاراستە دەکرێت کە ڕەنگە مایەی دڵخۆشی و چالاکبوونەوەبێ لە کاروبارەکانی ژیان لای نابینایان نەك سەرنجیان لەسەر کەم ئەندامی خۆیان بێ.

ئاما نجی دووەم: زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ):

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی دووەم کە بریتیە لە دەرخستنی جیاوازی لە پتەوی دەروونی لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دوای بەراوردکرنی ناوەندە ژمێرەییەکان دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی نابینایانی نێر (٢٥) کەس (٧٠,٩٦) بەلادانی پێوەری (٧,٧٦) بچوکترە لە ناوەندە ژمێرەیی نابینایانی مێ (٢٥) کەس (٧٢,٤٤) بەلادانی پێوەری (٦,١٢) . بۆ دڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەم جیاوازییە توێژەران تێستی(ت) دوو نموونەی سەربەستیان بەکارهێنا دەرکەوت بەهای (ت) ژمێرەیی(٠,٧٢-) کە بچوکترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٦٧) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر ، مێ) ، وەك لەخشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٥)

زانینی جیاوازی پتەوەی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دەردەخات.

ڕەگەز	نموونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
نێر	٢٥	٧٠,٩٦	٧,٧٦	٠,٧٢-	١,٦٧	٤٨	٠,٠٥
مێ	٢٥	٧٢,٤٤	٦,٥٣				

بە پێی ئەنجامەکە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەدار نییە لە پتەوی دەروونی بە پێی ڕەگەز (نێر، مێ) بۆیە بەڕای توێژەران ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پتەوییە دەروونییەی هەردوو ڕەگەزەکە، کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەو ڕەچاوکارییەی دەوروبەر بۆ نابینایان وەك ڕێز و نەریتێك بۆ هەردوو ڕەگەزەکە هەیانە بگەڕێتەوە کە لە دەوروبەر بۆیان فەراهەم بووە و ئاسوودەن تیایدا.

ئاما نجی سێیەم : زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار):

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی سێیەم کە بریتیە لە دەرخستنی جیاوازی لە پتەوی دەروونی لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی(سەڵت - خێزاندار) دوای بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نابینایانی (سەڵت) (٢٧) کەس (٧٢,١١) بەلادانی پێوەری (٧,٣١) کە گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی نابینایانی (خێزاندار) (٢٣) کەس (٧١,٢١) بەلادانی پێوەری (٧,٠٠) بۆدڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەم جیاوازییە توێژەران تێستی (ت) دوو نموونەی سەربەستیان بەکارهێنا کە دەرکەوت بەهای (ت) ژمێرەیی (٠,٤٣) کە بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٦٧) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا جیاوازی بەڵگەدارنیە بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار)، وەك لەخشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٦)

زانینی جیاوازی پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) دەردەخات.

باری خێزانی	نموونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
سەڵت	٢٧	٧٢,١١	٧,٣١	٠,٤٣	١,٦٧	٤٨	٠,٠٥
خێزاندار	٢٣	٧١,٢١	٧,٠٠				

بە پێی ئەنجامەکە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەکی بەڵگەدار نییە لە پتەوی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) بۆیە بەڕای توێژەران پتەوی دەروونی ڕەنگە پەیوەست بێ بە چەندێتی پاڵنەری تاکی نابینا چ سەڵت بێ یان خێزاندار بۆ ئەوەی هاوسەنگی دەروونی لەدەست نەدا و پتەوی دەروونی بەهێز بێ ، نەوەك پەیوەندی بەوەوە بێ کە باری خێزانی ببێتە هۆی زیاتر ئەرێنی یاخود نەرێنی بوونی.

ئاما نجی چوارەم : زانینی ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نموونەی توێژینەوە بەگشتی:

بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی چوارەم کە بریتیە لە دەرخستنی ئاستی (پاڵنەری دەستکەوت) لە دەرئە نجام بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەی پاڵنەری دەستکەوت (٩٠,٨٢) بەلادانی پێوەری (١١,٨٦) کە گەورەترە لە ناوەندی گریمانە (٧٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان بەرزە . بۆدڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەو ئاستە توێژەران بە بەکارهێنانی تێستی (ت) بۆیەك نموونە دەرکەوت کە بەهای (ت) ژمێرەیی (١١,٥٦) بەرزترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٦٧) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٩) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان بەرزە، وەك لە خشتەی (٧) هاتووە.

خشتەی (٧)

زانینی ئاستی پاڵنەری دەستکەوت لای نموونەی توێژینەوەکە روونەدەکاتەوە.

گۆڕاو	نموونە	ناوەندی ژمێرەی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەیی	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
پاڵنەری دەستکەوت	٥٠	٩٠,٨٢	١١,٨٦	٧٨	٧,٦٣	١,٦٧	٤٩	0.05

بە پێی ئە نجامەکە دەردەکەوێت پاڵنەری دەسکەوت لای نموونەی توێژینەوەکە بەرزە، توێژەران هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ڕەنگە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لای نابینایان بەهێز بێت لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ئایندارن و سۆز و گرنگی پێدان تیایدا بڵاوە بە گشتی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتی و لە ناویشیان نابینایان، کە ئەمە وادەکات هێزی دەسکەوت و مانەوەیان بەبەهێزی زیاتر بکات.

ئاما نجی پێنجەم: زانینی جیاوازی پاڵنەری دەستکەوت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ):

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی پێنجەم کە بریتیە لە دەرخستنی جیاوازی لە پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دوای بەراوردکرنی ناوەندە ژمێرەییەکان دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی نابینایانی نێر (٢٥) کەس (٨٩,٨٨) بەلادانی پێوەری (١٣,٠٠) بچوکترە لە ناوەندە ژمێرەیی نابینایانی مێ (٢٥) کەس (٩١,٧٦) بەلادانی پێوەری (١٠,٧٠) . بۆ دڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەم جیاوازییە توێژەران تێستی(ت) دوو نموونەی سەربەستیان بەکارهێنا دەرکەوت بەهای (ت) ژمێرەیی (-٠,٥٥) کە بچوکترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٦٨) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر ، مێ) ، وەك لەخشتەی (٨) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٨)

زانینی جیاوازی پاڵنەری دەستکەوت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر – مێ) دەردەخات.

ڕەگەز	نموونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
نێر	٢٥	٨٩,٨٨	١٣,٠٠	-٠,٥٥	١,٦٧	٤٨	٠,٠٥
مێ	٢٥	٩١,٧٦	١٠,٧٠				

بە پێی ئە نجامەکە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەدار نییە لە پاڵنەری دەسکەوت بە پێی ڕەگەز (نێر، مێ) هۆی ئەمەش بەڕای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو ڕەگەزەکە پاڵنەری بەردەوامی و دەسخستنی پێداویستی و هەوڵدانیان تا ئەو ئاستەیە کە خۆیان هەست بە دڵخۆشی و جێگیری دەکەن و ئاسوودەن بۆ کار و چالاکییەکانیان.

ئاما نجی شەشەم: زانینی جیاوازی پاڵنەری دەستکەوت بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار):

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی شەشەم کە بریتیە لە دەرخستنی جیاوازی لە پاڵنەری دەستکەوت لای نابینایان بە پێی گۆڕاوی(سەڵت - خێزاندار) دوای بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نابینایانی (سەڵت) (٢٧) کەس (٩٣,٧٠) بەلادانی پێوەری (١٠,٥٧) کە بچوکترە لە ناوەندی ژمێرەیی نابینایانی (خێزاندار) (٢٣) کەس (٨٧,٤٣) بەلادانی پێوەری (١٢,٦٢) بۆدڵنیابوون لە بەڵگە داری ئەم جیاوازییە توێژەران تێستی (ت) دوو نموونەی سەربەستیان بەکارهێنا کە دەرکەوت بەهای (ت) ژمێرەیی (١,٩١) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٦٧) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی سەربەستی (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا جیاوازی بەڵگەدار هەیە بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) لە بەرژەوەندی باری خێزانی (سەڵت) ، وەك لەخشتەی (٩) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٩)

زانینی جیاوازی پاڵنەری دەستکەوت بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) دەردەخات.

باری خێزانی	نموونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت) ژمێردراو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری
سەڵت	٢٧	٩٣,٧٠	١٠,٥٧	١,٩١	١,٦٧	٤٨	٠,٠٥
خێزاندار	٢٣	٨٧,٤٣	١٢,٦٢				

بە پێی ئەنجامەکە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەدار هەیە بە پێی گۆڕاوی (سەڵت – خێزاندار) لە بەرژەوەندی باری خێزانی (سەڵت)، توێژاران ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کەوا ڕەنگە ئەو نابینایانەی باری خێزانیان (سەڵت)ە کەمتر فشار و ئەرکیان لەسەربێ، وە پاڵنەری دەستکەوتیان بەرزترە بەهۆی ئەوەی سەڵتن و ئاسانتر دەتوانن پاڵنەرەکانیان دەست بخەن لەو نابینایانەی کە باری خێزانیان (خێزاندار)ە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو نابینایانەی خێزاندارن فشار و پێداویستی و ئەرکیان زیاترە و ئەمەش وادەکات پەنا بۆ ئەو ئەرکانە ببەن کە زووتر پێداویستییەکانیان پڕ دەکاتەوە ئەوەك ئاراستەی پاڵنەرێکی دروست بێ و وابکات پاڵنەریان بۆ دروست ببێ بەڵکو ڕەنگە لەژێر فشارەوەبێت.

ئاما نجی حەوتەم: زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت:

بۆزانین و ئاست و ئاراستەی پەیوەندی نێوان ئەم دووگۆڕاوە (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت) کەدەرکەوت پەیوەندی نێوان ئاست و ئاراستەی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت دوای بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەییەکان بە بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پێرسۆن دەرەئەنجامەکان وایان دەرخست کە پەیوەندیەکی بەهێزی هاو ئاراستەیە بە بەهای (٠,٤) ، وەك لەخشتەی (١٠) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١٠)

زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت.

گۆڕاو	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	پەیوەندی
پتەوی دەروونی	٧١,٧٠	٧,١٥	٠,٤
پاڵنەری دەستکەوت	٩٠,٨٢	١١,٨٦	

دوای ئەنجامەکان دەرکەوت کە پەیوەندیەکی بەهێزی هاوئاراستە هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی (پتەوی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت)، ئەمەش بەڕای توێژەران هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوانەیە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن بەهۆی ئەو بیرکردنەوە ئەرێنییەی کە کۆمەڵگا هەیەتی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و لەناویشیاندا نابینایان، کە بووەتە هۆی ئەوەی ڕاددەی دەستکەوت و پاڵنەریان بۆ پێداویستییەکان بەرزبێ و خاوەنی پتەوییەکی دەروونی بەهێزبن.

راسپاردە و پێشنیازەکان

یەکەم : ڕاسپاردەکان:

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەران ئەم ڕاسپادانە دەکەن بۆ لایەنی پەیوەندی دار:

١- گرنگی پێدانی زیاتر بە نابینایان لەلایەن وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پیشکەوتووتر و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ تاکی نابیان بکەن بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو پاڵنەرانەیان و سوود وەرگرتنی زیاتر لێیان.

٢- پێدانی هۆشیارییەکی بەربڵاوتر بە تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی لەبارەی نابینایان و پێدانی ئەو هۆشیارییەی کە ئەوان وەك لایەنی دووەم سەیر ناکرێن.

٣- دانانی کەسی پسپۆڕ و شارەزا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نابینایان لە ڕێکخراو و سەنتەرەکان بۆ ئەوەی پێداویستی مەعریفی تاکی نابینا پڕ بکەنەوە.

دووەم : پێشنیازەکان:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر دڵەڕاوکێی مردن و باوەڕی ئاینی لای نابینایان

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر لەسەر بیرکردنەوەی ئەرێنی و توانای کار لای نابینایان.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١- بەرواری، رشید حسین، ٢٠١٣، بەشێك لە وانەکانی رێبازی توێژینەوە، خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی دەروونزانی.

٢- عزیز، عزالدین احمد ،٢٠١٧، بنەماکانی دەروونزانی گشتی ،چاپی شەشەم، چاپخانەی رۆژهەڵات/ هەولێر.

٣- عزیز، عزالدین احمد ،٢٠١٨، دەروازەیەک بۆ دەروونزانی پەروەردەی ،چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی / هەولێر)

٤- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، ساڵی، ٢٠١٥، سایکۆلۆژیای گشتی ، چاپی چوارەم ،چاپخانەی پیرەمێرد /سلێمانی).

٥- مستەفا ، یوسف حەمە صالح، ٢٠١٩ ، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ ، چاپی دووەم ،چاپخانەی ئەندێشە).

المصادر العربيه:

١- اسماعيل، هبه، حسين ٢٠٢٠، علاقة الصلابة النفسية بمستوى الرضا الوظيفي لدى معلمات التربية الخاصة، كلية البنات جامعة عين شمس.

٢- برجى، مليكه، ٢٠١٨-٢٠١٧، علاقتة مستوي الطموح بتقدير الذات والدافعية الإنجاز لدي طلبة السنة الأولي جامعي، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.

٣- بورزق، سميرة،٢٠١٤-٢٠١٥، مهارات التعلم والاستذكاروعلاقتها بالدافعية للإنجاز لدي طلبة السنة الثانية ماستر خصص توجيه وإرشاد تربوي.

٤- البيرقدار، تنهيد عادل ٢٠١١، الضغط النفسي وعلاقة بالصلابة النفسية لدى طلبة كلية التربية الاساسية، جامعة الموصل.

٥- تسعديت، بوغزاز، ٢٠١١- ٢٠١٢، الرضاء المهنى وعلاقته بدافعية الإنجاز لدي مستشاري التوجيه والإرشاد المدرسي والمهنى، معهد العلوم الإنسانية والإجتماعية ، قسم علم النفس.

٦- الحجازي، مدحت عبدالرزاق، ٢٠١٢، معجم مصطلحات علم النفس، دار الكتب العلمية، بيروت.

٧- الرميساء، البار، ٢٠١٣، المناخ التنظيمي وعلاقته بدافعية الإنجاز ،قسم العلوم الاجتماعية.

٨- الساكر، رشيدة، ٢٠١٤-٢٠١٥، دافعية الإنجاز وعلاقتها بفاعلية الذات لدي تلاميذ السنة الثالثة ثانوي، كلية العلوم الاجتماعية وا لإنساتية.

٩- السقا، عبدالله غسان عبدالله ،٢٠١٨،الأمن النفسى والإتجاه نحو المخاطرة وعلاقتها بدافعية الإنجاز لدي رجال الإعلام، كلية التربية.

١٠- شلهوب، دعاء جهاد شلهوب، ٢٠١٥-٢٠١٦، قلق المستقبل وعلاقته بالصلابة النفسية، رسالة الماستر، جامعة دمشق كلية التربية، قسم علم النفس.

١١- صالح ،عبدالعظيم إسماعيل،٢٠١٨، الرضاء الوظيفي وعلاقته بدافعية الإنجاز لدى المرشين النفسين، كلية الآداب.

١٢- الطاهر، الطاهر محمد ٢٠١٦، الصلابة النفسية، مجلة كلية دلتا العلوم والتكنولوجيا، جامعة الامام المهدي، كلية الاداب.

١٣- علاء الدين، هلكا عمر، ٢٠١٦، الصلابة النفسية وعلاقتها بكل من تحمل الضيق والأبعاد الأساسية للشخصية لدى عينة من المراهقين اللبنانيين، اطروحة مقديمة كجزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في علم النفس، كلية علوم الانسانية، جامعة بيروت العربية.

١٤- فاتح، سعيدة ٢٠١٥، الصلابة النفسية لدى المراة المصابة بسرطان الثدى، رسالة الماستر، جامعة محمد خيضر.بسكرة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

١٥- هادف، سومية، ٢٠١٧– ٢٠١٨، الضغوط المهنية وعلاقتها بدافعية الانجاز لدى عمال الصندوق الوطني للضمان الاجتماعى للعمال غير الاجراءCASNOS، رسالة الماستر، جامعة العربي بن مهيدي، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الاجتماعية.

پاشکۆی(١)

حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی دەروونزانی

قۆناغی چوارەم/ پرۆژەی دەرچوون

ڕاپرسی شارەزایان بۆ گونجانی بڕگەکانی پێوەر

مامۆستا ..... **بەرێز**

سڵاورێز .....

توێژەران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دەروونی بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان) بۆ ئەم مەبەستەش پێوەری (مخیمر،٢٠٠٦) بۆ (پتەوی دەروونی) بەکاردێت کە لە (٤٧) بڕگە پێکدێت، وەڵامەکانیش (هەمیشە بەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەندێکجار بەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەرگیز بەسەرم جێبەجێ نابێت) کە پتەوی دەروونی (توانای تاکە لە بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و ئەو فشارانەی کە دێتە بەردەمی، وە ڕووبەرووبونەوەی ئەو فشارانە و کۆنترۆڵکردن و گۆڕینیان بۆ بارێکی ئەرێنی) بۆ ئەم مەبەستەش داواکارین لە بەڕێزتان بە پێی ئەو شارەزاییەی کە هەتانە ڕای خۆتان دەربڕن سەبارەت بە گونجاوی و نەگونجاوی، هەموارکردن، زیادکردن یان کەم کردنەوەی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ئەم پێوەرە.

لەگەڵ ڕێزدا .....

سەرپەرشتیار:

م.ی. ڕۆژگار محمد صالح

توێژەران:

احمد عبدالسمیع جرجیس

زینب عبدالقادر صدیق

مقياس الصلابة النفسية (مخيمر،٢٠٠٦)

ر	العبارة	صالحة	غير صالحة	الملاحظة
١	مهما كانت العقبات فإنني أستطيع تحقيق أهدافي.			
٢	اتخذ قراراتي بنفسي ولا تملي علي من مصدر خارجي.			
٣	أعتقد أن متعة الحياة وإثارتها تكمن في قدرة الفرد على مواجهة تحدياتها.			
٤	قيمة الحياة تكمن في ولاء الفرد لبعض المبادئ والقيم.			
٥	عندما أضع خططي المستقبلية غالبا ما أكون متاكد من قدرتي على تنفيذها.			
٦	اقتحم المشكلات لحلها ولا أنتظر حدوثها.			
٧	معظم أوقات حياتي تضيع في أنشطة لا معنى لها.			
٨	نجاحي في أمور(دراسة - عمل .... الخ) يعتمد على مجهودي وليس على الخطط والصدفة.			
٩	الدي حب استطلاع ورغبة في معرفة ما لا أعرفه.			
١٠	أعتقد أن لحياتي هدفا ومعنى أعيش من أجله.			
١١	الحياة فرص وليست عمل وكفاح.			
١٢	أعتقد أن الحياة المثيرة هي التي تنطوي على مشكلات أستطيع أن أواجهها.			
١٣	لدي قيم ومبادئ معينة ألتزم بها وأحافظ عليها.			
١٤	أعتقد أن الفشل يعود إلى أسباب تكمن في الشخص نفسه.			
١٥	لدي قدرة على المثابرة حين أنتهي من حل أي مشكلة تواجهني.			
١٦	حياتي عشوائية عديمة الأهمية.			
١٧	أعتقد أن ما يحدث لي غالبا هو نتيجة لتخطيطي.			
١٨	المشكلات تستنفر قواي وقدرتي على التحدي.			

١٩	أبادر في المشاركة في أي نشاط يخدم المجتمع الذي أعيش فيه.			
٢٠	أعتقد أن الشخص يستطيع بناء مستقبله بنفسه.			
٢١	أشعر بالخوف والتهديد لما قد يطرأ على حياتي من ظروف واحداث.			
٢٢	أبادر بالوقوف بجانب الآخرين عند مواجهتهم لأي مشكلة.			
٢٣	أعتقد أن الصدفة والحظ يلعبان دورا هاما في حياتي.			
٢٤	عندما أحل مشكلة أجد متعة في التحرك لحل مشكلة أخرى.			
٢٥	أعتقد أنه البعد عن الناس غنيمة.			
٢٦	أستطيع التحكم في مجرى أمور حياتي.			
٢٧	أعتقد أن مواجهة المشكلات استبانة لقوة تحملي قدرتي على المثابرة.			
٢٨	اهتمامي بنفسي لا يترك لي فرصة للتفكير في أي شيء آخر.			
٢٩	أعتقد أن سوء الحظ يعود لسوء التخطيط.			
٣٠	لدي حب المغامرة والرغبة في استكشاف ما يحيط بي.			
٣١	أبادر بعمل أي شيء أعتقد أنه يخدم أسرتي أو مجتمعي.			
٣٢	أعتقد أن تأثيري ضعيف على الأحداث التي تقع علي			
٣٣	أبادر في مواجهة المشكلات لأنني أثق في قدرتي على حلها.			
٣٤	أهتم كثيرا في ما يدور حولي من أحداث وقضايا.			
٣٥	أعتقد أن حياة الأفراد تتأثر بقوى خارجية لا سيطرة لهم عليها.			
٣٦	الحياة الثابتة والساكنة هي الحياة الممتعة بالنسبة لي.			
٣٧	الحياة بكل ما فهيا لا تستحق أن نحياها.			
٣٨	أؤمن بالمثل" أعطني حظا وارمني في البحر."			
٣٩	أعتقد أن الحياة التي لا تحتوي على تغيير هي حياة مملة وروتينية.			
٤٠	أشعر بالمسئولية أمام الآخرين وأبادر بمساعدتهم.			
٤١	أعتقد أن لي تأثيرا قويا على ما يجري حولي من أحداث.			
٤٢	أتوجس من تغييرات الحياة فكل تغيير قد ينطوي على تهديد لي ولحياتي.			
٤٣	أهتم بقضايا الوطن وأشارك فيها بكل ما أمكن.			

٤٤	أخطط لأمور حياتي ولا أتركها للحظ والصدفة والظروف الخارجية.			
٤٥	التغيير هو سنة الحياة والمهم هو القدرة على مواجهته بنجاح.			
٤٦	أغير قيمي ومبادئي إذا دعت الظروف لذلك.			
٤٧	أشعر بالخوف من مواجهة المشكلات حتى قبل أن تحدث.			

پاشکۆی (٢)

حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی دەروونزانی

قۆناغی چوارەم/ پرۆژەی دەرچوون

ڕاپرسی شارەزایان بۆ گونجانی بڕگەکانی پێوەر

مامۆستا ..... **بەرێز**

سڵاورێز .....

توێژەران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دەروونی بە ناونیشانی (پتەوی دەروونی و پەیوەندی بە پاڵنەری دەسکەوت لای نابینایان) بۆ ئەم مەبەستەش پێوەری (بن بریکە ،٢٠٠٧) بۆ (پاڵنەری دەسکەوت) بەکاردێت کە لە (٤٠) بڕگە پێکدێت، وەڵامەکانیش (هەمیشە، هەندێ جار، زۆرجار، بەدەگمەن، هەرگیز) کە پاڵنەری دەسکەوت (ئەو هێزەیە لە ناوەوەی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت، وە پاڵ بە تاکەوە دەنێت تا زیاتر هەوڵبدات، وە رەفتاری ئەرێنی ئەنجام بدات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی، وە دەسکەوتی زیاتر و باشتر بێت و سوود بە خۆی و کۆمەڵگاکەی بگەیەنێت) بۆ ئەم مەبەستەش داواکارین لە بەڕێزتان بە پێی ئەو شارەزاییەی هەتانە ڕای خۆتان دەربڕن سەبارەت بە گونجاوی و نەگونجاوی، هەموارکردن، زیادکردن یان کەم کردنەوەی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ئەم پێوەرە.

لەگەڵ ڕێزدا .....

سەرپەرشتیار:

م.ی. ڕۆژگار محمد صالح

توێژەران:

احمد عبدالسمیع جرجیس

زینب عبدالقادر صدیق

مقياس الدافعية الانجاز (بن بريكة ،٢٠٠٧)

ر	العبارة	صالحة	غير صالحة	الملاحظة
١	اسعى لاءنجاز الأعمال والواجبات مهما كلفني ذلك من جهد او وقت			
٢	احاول جادا انجاز الحمل الذي اقوم به على احسن وجه .			
٣	ان النجاح في عمل ما يشجعني على القيام باعمال اخرى اكثر صعوبة .			
٤	ارغب دائما في الاطلاع على ما يجري من تتطور العلمي و الثقافي.			
٥	احتاج الى تشجيع الاخرين حتى انهى العمال التي اقوم بها.			
٦	افضل ان اسبق الاحداث و اهيئ الفرص المصاعدة على النجاح بدلا من انتضار حدوثها عفويا .			
٧	اشعر بالملل و الضجر بعد فترة قسيرة من بداية العمل .			
٨	احاول الاستفادة من اخطائي في العمل و الدراسة حتى لا اقع فيها مستقبلا .			
٩	كلما وجدت العمل الذي اقوم به صعبا زدت اصرارا على اتمامه .			
١٠	يعتمد مستقبلي على النجاح في تحقيق عمل ما له قيمة .			
١١	يعتبر النجاح في جميع الحالات نتيجة منطقية لمثابرة الفرد في العمل .			
١٢	لا اترك وقت الفراغ يفوتني دون استغلال في اعمال تعود علي بالفائدة .			
١٣	اذا فشلت في عمل ما في محاولة الاول ابحث عن اسباب الفشل و اكرر محاولات حتى احقق النجاح .			
١٤	احرص على (تنضيم) في كل الاعمال التي اقوم بها .			
١٥	ان شعوري بالحاجة الى النجاح يدفعني الى الجد و المثابرة في اعمال التي اقوم بها .			
١٦	ابعد قدر الامكان عن الاعمال التي تتطلب نحمل المسؤلية .			
١٧	في كل اعمالي اطبق مبدأ لا تخطط بل دع الامور التلقائية .			

١٨	استمر في البحث عن حل المشكيلة التى تعترضني حتى وان كان الأمل في ذلك ضعيفا.			
١٩	ليس المهم أن أحصل علي درجات تقدير عالية لكن الأهم أن أقوم بعملي بصورة جيدة.			
٢٠	أبذل كل جهودي لأكون متفوقا علي الاخرين في العمل والدراسة.			
٢١	ان أهدافي بعيدة المدي(في هذه الحياة)واضحة تماما في ذهنى .			
٢٢	تضيع مني عدة ايام دون مراجعة دروسي .			
٢٣	اتوقف عن الاعمال التي أقوم بها بمجرد شعوري بأي تعب.			
٢٤	أقوم عادة بعمل الأشياء قبل التفكير فيها بعمق .			
٢٥	أفضل العمل مع من تربطني بة صداقة حميمة ، حتي وان كان ضعيف المستوى.			
٢٦	أشعر ان الناس من أمثالي ليست لديهم فرصة كبيرة للنجاح في الحياة .			
٢٧	أعتبرنفسي مسؤولا مسؤولية كاملة عن نتائج الأعمال التي أقوم بها .			
٢٨	أضيع أوقاتا كثيرة في مشاهدة التلفزيون والحديث مع الزملاء .. ، علي حساب مراجعة دروسي .			
٢٩	أفقد الاحساس بانقضاء الوقت عندما أكون منشغلا في أداء عمل ما.			
٣٠	أفضل العمل مع المتفوقين ، حتي وان لم تربطني بهم صداقة .			
٣١	أفضل أن أكون محبوبا بين أقراني ،أكثر من أكون ناجحا بينهم .			
٣٢	أحاسب نفسي عن مقدار العمل الذي أنجزه كل يوم .			
٣٣	أحرص دائما علي تطبيق مبدأ لاتؤجل عمل اليوم الي الغد .			
٣٤	عندما أنهمك في المراجعة فاءنى لا أهتم بما يحدث حولي .			
٣٥	يرى معضم الأساتذة أن بحوثي و تقاريري تفتقر للتنضيم .			
٣٦	أفضل الأعمال البسيطة وأتجنب الأعمال الصعبة التي تتحدي قدراتي.			
٣٧	تضل الأعمال غير المنهية تزعجني حتي أنتهي منها.			

٣٨	أفضل أن أغير رايي علي ان اعارض ما تتفق عليه الجماعة.			
٣٩	النجاح يرتبط بالحض أكثر مما يرتبط بالعمل.			
٤٠	أجد متعة في حل المشكلات التى يعتبرها بعض الناس مستحيلة.			

پاشکۆی (٣)

ناوی ئەو شارەزایانەی کە توێژەر پشتی پێ بەستوون بۆ ڕاستگۆیی پێوەرەکان

ژ	ناو و نازناوی زانستی	پسپۆڕییەتی	شوێنی کارکردن
١	پ.د. رشید حسین برواری	دەروونزانی کۆمەڵایەتی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٢	پ.د. عمر ابراهیم عزیز	دەروونزانی پەروەردەیی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٣	پ.د. ڕێزان علی ابراهیم	دروستی دەروونی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٤	پ.د. مها حسن بکر	دەروونزانی کەسایەتی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٥	پ.د.مؤیداسماعیل جرجس	تەندروستی دەروونی	زانکۆی سەلاحەددین – پەروەردە – بەشی ڕێنمایی دەروونی
٦	پ.د. عزالدین احمد عزیز	دەروونزانی پەروەردە	زانکۆی سەلاحەددین – پەروەردە– بەشی پەروەردەی تایبەت
٧	پ.ی.د. محمد طه حسین	دەروونزانی پەروردە	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٨	پ.ی.د. فێنك احمد حسن	دروستی دەروونی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
٩	م.ی. هەوارە نەوزاد کریم	دەروونزانی کلینیکی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
١٠	م.ی. شلێر مولود عبدالله	دەرونزانی پیشەیی	زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی

پاشکۆی (٤)

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
قۆناغی چوارەم – توێژینەوەی دەرچوون (٢٠٢٢)

سڵاو و ڕێز .....

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی توێژەران ئەم فۆرمە دەخەنە بەردەستی بەڕێزتان کە لە چەندین بڕگە و پرسیار پێك دێت، وەڵامی ڕاست تەنها بریتییە لەو بۆچوونەی کە بە ڕاشکاوی وەڵامی دەدەیەوە، ئەو زانیارییانە تەنها بەمەبەستی زانستی بەکاردێت و پێویستی بە ناونوسین نییە.

تکایە بۆ هەر یەکێك لە پرسیارەکان وەڵامێك دەستنیشان بکە بە دیاری کردنی نیشانەی(√) وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

لەگەڵ ڕێزدا .....

بڕگە	هەمیشە	بەشێوەی ناوەند	هەرگیز
دەسەڵاتم بەسەر کاروبارەکانی ژیانم هەیە.		√	

زانیاری سەرەکی

باری خێزان: سەڵت: ☐ خێزاندار ☐

ڕەگەز: نێر ☐ مێ ☐

سەرپەرشتیار:

م.ی. ڕۆژگار محمد صالح

توێژەران:

احمد عبدالسميع جرجيس

زينب عبدالقادر صديق

گۆڕاوی پێوەری دەروونی

ژ	بڕگە	هەمیشە	بەشێوەی ناوەند	هەرگیز
١	هەرچەند بەربەست هەبێت دەتوانم ئامانجەکانم بەدی بێنم.			
٢	خۆم بڕیارەکانم دەدەم و چاوەڕێی کەس ناکەم.			
٣	کاتێك پلانەکانم دادەنێم، دڵنیام لە جێبەجێ کردنیان.			
٤	زۆربەی کاتەکانی ژیانم لە چالاکی بێ سوود دەچێتە سەر.			
٥	بڕوام وایە کەوا ژیانم مانا و ئامانجی هەیە و بۆی دەژیم.			
٦	بڕوام وایە کە ژیانی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە کێشەت هەبێت و بتوانی چارەسەری بکەی.			
٧	من هەندێ بنەمام هەیە و پەیوەستم پێی و جێبەجێی دەکەم.			
٨	بڕوام وایە کە سەرنەکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێك کە لە خودی کەسەکەدایە.			
٩	توانای ئەوەم هەیە کەوا بەردەوام بم کاتێك کە کێشەیەك ڕووبەرووم دەبێتەوە و چارەسەری بکەم.			
١٠	بڕوام وایە ئەو شتانەی ڕوودەدەن لە دەرئەنجامی پلانەکانی خۆمە.			
١١	هەست بە مەترسی و هەڕەشە دەکەم بەهۆی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی بەسەرم دێ لە ژیان.			
١٢	هاوکاری خەڵك دەکەم لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.			
١٣	بڕوام وایە ڕێکەوت و چانس ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ژیانم.			
١٤	کاتێك کێشەیەك چارەسەر دەکەم هەست بە خۆشی دەکەم بۆ چارەسەری کێشەی تر.			
١٥	دەسەڵاتم بەسەر کاروبارەکانی ژیانم هەیە.			
١٦	بڕوام وایە ڕووبەرووبونەوەی کێشەکان نیشانەی هێزێکە کە توانای من بۆ بەردەوام بوون لەخۆدەگرێت.			
١٧	من حەز بە سەرکەشی دەکەم و ئارەزوێکم هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لەژیانمدا هەیە.			
١٨	من کاریگەریم لاوازە لەسەر ئەو ڕووداوانەی بەسەرم دادێ.			

١٩	زۆر گرنگی دەدەم بەو شتانەی لە دەوروبەرم دەگوزەرێ.			
٢٠	بڕوام وایە ژیانی تاکەکان کاریگەر دەبێت بە هێزە دەرەکییەکان کە کۆنترۆڵیان بەسەریدا نییە.			
٢١	ژیانێکی جێگر و ئارام لای من ژیانێکی چێژ بەخشە.			
٢٢	ژیان لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی تێیدایە شایستەی ژیان کردن نییە.			
٢٣	بڕوام وایە ئەو ژیانەی کە گۆڕانکاری تێدانییە، بریتییە لە ژیانێکی بێزارکار و ڕۆتینی.			
٢٤	هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم بەرامبەر کەسانی تر و دەستپێشخەری دەکەم لە یارمەتی دانیان.			
٢٥	بڕوام وایە کاریگەرییەکی بەهێزم هەیە لەسەر ئەو شتانەی لە دەوروبەرمدا ڕوودەدەن.			
٢٦	چاودێری گۆڕانکارییەکانی ژیان دەکەم و هەر گۆڕانکارییە لەوانەیە هەڕەشەبێ لەسەر خۆم و ژیانم.			
٢٧	گرنگی بە دۆسییەکانی نیشتیمان دەدەم و بە هەموو توانامەوە بەشداری دەکەم.			
٢٨	گۆڕانکاری ڕێگای ژیانە، گرنگ ئەوەیە تۆ توانات هەبێت لە ڕووبەرووبونەوەی بەسەرکەوتوویی.			
٢٩	بەها و بنەماکانم دەگۆڕم ئەگەر بارودۆخەکە پێویست بکات.			
٣٠	هەست بە مەترسی دەکەم لە ڕووبەرووبونەوەی کێشەکان تا پێش ڕوودانیشیان.			

پاشکۆی (٥)

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب – بەشی دەروونزانی
قۆناغی چوارەم – توێژینەوەی دەرچوون (٢٠٢٢)

سڵاو و ڕێز .....

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی توێژەران ئەم فۆرمە دەخەنە بەردەستی بەڕێزتان کە لە چەندین بڕگە و پرسیار پێك دێت، وەڵامی ڕاست تەنها بریتییە لەو بۆچوونەی کە بە ڕاشکاوی وەڵامی دەدەیەوە، ئەو زانیارییانە تەنها بەمەبەستی زانستی بەکاردێت و پێویستی بە ناونوسین نییە.

تکایە بۆ هەر یەکێك لە پرسیارەکان وەڵامێك دەستنیشان بکە بە دیاری کردنی نیشانەی(√) وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

لەگەڵ ڕێزدا .....

بڕگە	هەمیشە	زۆر	ناوەند	کەم	هەرگیز
هەوڵی تەواوکردنی کار و ئەرکەکانم دەدەم.			√		

زانیاری سەرەکی

باری خێزان: سەڵت: ☐ خێزاندار ☐

ڕەگەز: نێر ☐ مێ ☐

سەرپەرشتیار:

م.ی. ڕۆژگار محمد صالح

توێژەران:

احمد عبدالسميع جرجيس

زينب عبدالقادر صديق

گۆڕاوی پاڵنەری دەسکەوت

ژ	بڕگە	هەمیشە	زۆر	ناوەند	کەم	هەرگیز
١	هەوڵی تەواوکردنی کار و ئەرکەکانم دەدەم.					
٢	سەرکەوتن لە کارێك هانم دەدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی قورستر.					
٣	بۆ تەواوکردنی کارەکانم پێویستیم بە هاندانی ئەوانی ترە.					
٤	دەمەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوم و دەرفەت بۆ سەرکەوتن بڕەخسێنم نەك ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکەم کە خۆیان ڕووبدەن.					
٥	هەست بە بێزاربوون دەکەم لەپاش ماوەیەکی کورت لە دەستپێکردنی کار.					
٦	تا کارەکەم ئەستەمتر بێت زیاتر سوور دەبم لە تەواوکردنی.					
٧	داهاتووم پشت دەبەستێت بە سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی کاری بەنرخ.					
٨	سەرکەوتن لە هەموو حاڵەتەکاندا دەرئەنجامێکی لۆژیکییە بۆ بەردەوامبوونی تاك لە کاردا.					
٩	ناهێڵم کاتی بەتاڵم بفەوتێ بێ ئەوەی بیقۆزمەوە بۆ ئەنجامدانی کاری بەسوود.					
١٠	لە هەر کارێك شکست بێنم بەدوای هۆکار دەگەڕێم و هەوڵی زیاتر دەدەم بۆ سەرکەوتن.					
١١	بەردەوام دەبم لەسەر ڕێکخستنی هەموو کارەکانم کە پێی هەڵدەستم.					
١٢	پێویستیم بە سەرکەوتن و پاڵنەرە بۆ هەوڵ و کۆششی زیاتر.					
١٣	دوور دەکەومەوە بە گوێرەی توانا، لەو کارانەی داوای هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی دەکات.					
١٤	گرنگ نییە کە نمرە بەرزەکان بەدەست بهێنم، بەڵام گرنگ ئەوەیە کارەکانم بەشێوەیەکی باش ئەنجام بدەم.					
١٥	واز لەو کارانە دێنم کە مێشکم ماندوو دەکات.					
١٦	من زۆربەی کات کارەکان دەکەم، پێش ئەوەی بەقوڵی بیری لێبکەمەوە.					

١٧	کار لەگەڵ کەسێك دەکەم کە پەیوەندیم باشە لەگەڵی، هەرچەندە ئاستی لاوازیش بێت.					
١٨	بەرپرسیاریەتییەکی تەواوی کارەکانم دەگرمە ئەستۆ.					
١٩	لەکاتی سەرقاڵیم هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکەم.					
٢٠	کار لەگەڵ سەرکەوتوان دەکەم هەرچەندە هاوڕێم نەبێت.					
٢١	حەزدەکەم خۆشەویست بم لەناو خەڵك وەك لەوەی سەرکەوتووبم.					
٢٢	لێپێچینەوە لەخۆم دەکەم بۆ ئەو بڕە کارەی کە هەموو ڕۆژێك ئەنجامی دەدەم.					
٢٣	من بەردەوام دەبم لەسەر ئەو بنەمایەی، کاری ئەمڕۆ بۆ سبەی بەجێ مەهێڵە.					
٢٤	کاتێك من لە پێداچوونەوەم گرنگی بەوە نادەم کە لە دەوروبەرم چی ڕوودەدات.					
٢٥	باشترین کار ئاسانەکانە، وە دوور دەکەومەوە لە کاری قورس کە لەسەرووی تواناکانمە.					
٢٦	من پێم باشترە بۆچوونم بگۆڕم لە دژایەتی کردنی ئەو شتەی کە گرووپەکە لەسەری هاوڕان.					

پاشکۆی (٦)

حكومة أقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين - أربيل
كلية الآداب
الموارد البشرية

حكومەتی هەرێمی كوردستان - عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
كۆلێجی ئاداب
سەرچاوە مرۆییەكان

Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education and Scientific research
Salahaddin University - Erbil
College of Arts\ Human Resources

No: ژمارە/ ٤ / ٢ / ٣٣٦

Date: رێكەوت/ ٣ / ١ / ٢٠٢٢

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
دەركـــردە
فاكولتەی كۆلێژی ئاداب

بۆ / كۆمەڵەی نابینایان
ب / ئاسانكاری

سڵاو و رێز....

داواكارین ئاسانكاری بكەن بۆ ئەو قوتابیانەی كە لە خوارەوە ناویان هاتووە قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی دەروونزانی كۆلێژەكەمانن بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە .

ناوەكان/
١- أحمد عبدالسميع جرجيس
٢- زينب عبدالقادر صديق

پ.د.قادر محمد حسن
ڕاگری كۆلێژ

وێنەیەك بۆ:
- سكرتاریەتی بەڕێزڕاگری كۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێز ی.ڕاگری كۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا...
- دەركردە .

**رندە

E- mail: Arts . college @su.edu.krd Iraqi Kurdistan Region- Erbil هەرێمی كوردستانی عیراق ـ هەولێر

پاشکۆی (٧)

حكومة أقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين - أربيل
كلية الآداب
الموارد البشرية

حكومەتی هەرێمی كوردستان - عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
كۆلێجی ئاداب
سەرچاوە مرۆییەكان

Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education and Scientific research
Salahaddin University - Erbil
College of Arts\ Human Resources

No: ژمارە: ٤/٢/٣٣٦
Date: رێكەوت: ٣/١/٢٠٢٢

بۆ / پەیمانگای رووناكی نابینایان لە هەولێر
ب / ئاسانكاری

سڵاو و ڕێز...
داواكارین ئاسانكاری بكەن بۆ ئەو قوتابیانەی كە لە خوارەوە ناویان هاتووە قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی دەروونزانی كۆلێژەكەمان بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە .

ناوەكان/
١- أحمد عبدالسميع جرجيس
٢- زينب عبدالقادر صديق

پ.د.قادر محمد حسن
ڕاگری كۆلێژ

وێنەیەك بۆ:
- سكرتاریەتی بەڕێزڕاگری كۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێز ی.ڕاگری كۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا...
- دەركردە .

**زندە

E- mail: Arts . college @su.edu.krd Iraqi Kurdistan Region- Erbil هەرێمی كوردستانی عیراق – هەولێر

Kurdistan Regional Government Iraq

Ministry of Higher Education and Scientific Research

Salahaddin University- Erbil

Collage of Arts- Department of Psychology

(Psychological Hardness and It is relation with Motivation Achievement of Blinds)

A Graduation Research Submitted to the Council of the Department of Psychology in partial Fulfillment of the Requirements of BA Degree

Researchers:

Ahmed Abdulsameh Jarjes

Zainab Abdulqadr Sdiq

Supervisor:

A. L. Rozhgar Mohammad Salih

2022 AD 2722 Kurdish 1443 AH